# جێگیرنەبوونی دیالۆگ لەنێوان دەستوور و سیاسەتدا:


## رامانێک بۆ پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق

«کێشەکان لەبن نایەن نەک لەبەر ئەوەی زۆر قسەمان لەسەر کردوون، بەڵکو تائێستا چارەسەرمان نەکردوون، خۆبەدەستەوەنەدان بۆ هیلاکی و گەڕانەوەی بۆ گۆڕەپانی گشتی بە کەلەرەقی، پێدەچێت ئەرکی بنەرەتی ئەو کەسە بێت کە نەیەوێت دەستبەرداری بیرکردنەوە بێت»

پرۆفیسۆری فەرەنسی فرناندۆ دۆمۆن Dumont Fernand

«هەر کۆمەڵگەیەک زامنی مافەکانی تێدا دەستەبەرنەکرابێت، ئەوا هیچ دەستوورێکی نییە»

ماددەی ١٦ لە دەستوری فەرەنسا ١٧٩١




لەئێستادا قسەی زۆر دەکرێت دەربارەی قەیرانی پەیوەندیی نێوان حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق کە ناکرێ چارەسەربکرێت مەگەر لە رێی (( وتووێژ لە میانی دەستوور و لەسایەو لە چوارچێوەی ئەو بێت)، لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتەپێشەوە کە پەیوەستە بە: ئەگەر پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی فیدڕاڵ و دەسەڵاتی ویلایەتەکان لە دەوڵەتی فیدڕاڵدا لە قەیران و گرژی دابێت، ئایا پێویستە لە چوارچێوەی( وتووێژەکانی دەستووری ) لەنێوانیادا یەکلایی بکرێتەوە؟ ئایا لەهەر حاڵەتێکدا کە جۆرێك لە ئاڵۆزی لەو پەیوەندییانە رووبدات پێویستە لایەنەکان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، وتووێژی دەستووری ئەنجامبدەن؟

ئەو رایە ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە وتووێژی دەستووری بەردەوامە و ناپچرێت، چونکە گرژی و قەیرانەکان لەو پەیوەندییە فیدڕاڵییەدا بەردەوام بوونیان هەیە.

**● بەڵام ئایا لە رووی کردەنییەوە ئەمە دەکرێت؟**

ناکرێ ئەو وێناکردنە وێناکردنێکی واقیعی و کردەنی بێت، چونکە دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی بارودۆخ لە دەوڵەتی فیدڕاڵداو دواتر ( پیربوونی پێشوەختە)ی ئەو دەوڵەتە. بە خوێندنەوەی ئەزموونە فیدڕاڵییەکان، دوای بڕیاردان لەسەر دەستووری فیدڕاڵی، وتووێژی دەستووری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ئەنجامنەدراوە، بەڵکو هەندێ راوێژو لێکگەیشتن و یەکلاییکردنەوەی سیاسی دەربارە کراون.

لەم رووەوە هەردوو توێژەر (کاتی لو روی ) و ( شیریل سۆندرز) لە لێکۆڵینەوەکەیاندا دەربارەی فیدڕاڵی لە ئوستralia دەنووسن: (( دەستووری فیدڕاڵیی ئوستralia زیاتر لە ١٠٠ ساڵ بەردەوام بوو، بەڵام وێڕای ئەمەش توانی خۆی لەگەڵ هەلومەرجی گۆڕاودا بگونجێنێت. هەر کاتێك پەرەسەندنێکی تەدریجی لەمانای دەق و کاریگەریەکەی روویدابێت، ئەمە لەمیانەی تەفسیری

دادوەری و گۆڕانکاری لە پیادەکردنی سیاسیدا بووە، هەروەها پەرەسەندنێکی پلەبەپلە روویدا لە مانای دەقەکەو کاریگەرییەکەی، بەڵام لەمیانی لێکدانەوەی دادوەریانە و گۆڕینی پیادەکردنی سیاسی، لەگەڵ ئەوەی سیستەمی حکومەت بەو پێیەی دەستور داینراوە چەسپاو دەبێت، بەڵام گفتوگۆی زۆر هەیە بۆ گۆڕانکاریی دەستووری لەپێناو ئەوەی پاراستنی مافەکان کاراتربێت)).

پرەنسیپە بنەڕەتی و جەوهەرییەکانی دەوڵەت لەو دەستوورەدا چەسپاوو قایمتر دەبن کە دەنووسرێتەوەو دوای وتووێژی دەستووری دەردەچن لەنێوان خاوەن دەسەڵاتی سیاسی و هێزبەدەستانی دەوڵەت و کۆمەڵگە، ئەو وتووێژە دەستووریانە تەنیا لە یەك حاڵەتدا دووبارەدەبنەوە ئەویش پێویستی فیعلی بۆ هەموارکردنەوەی دەستوور یان پێداچوونەوەی سەرتاسەری ئەو دەستوورەیە.

لەبەر ئەوە وتووێژو گفتوگۆکردن کاری بنەڕەتین لە مەسەلەی پیادەکردنە دەستوورییەکان و ئەو کێشەو ئاڵۆزیانەی لێوەی سەرهەڵدەدەن.

بۆیە کە دەگوترێت (( ئەنجامدانی وتووێژ لە سایەو لە چوارچێوەی دەستووردا ))، ئەمە رەنگدانەوەی راستیی بارودۆخەکە نییە. لێرەدا فەقیهی دەستووری میسری مامۆستا ئیبراهیم دەروێش دووپاتی دەکاتەوە کە (( تێگەیشتنێکی هەڵە هەیە بۆ دەستوور، هەندێ کەس پێیوایە هەڵبەت ئەوە شتێکی حەتمییە کە هەموو دەقێکی دەستوور بە هێز جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش تێگەیشتنێکی هەڵەیە، چونکە یاسا توانای لەوە زیاترە کە گوشاری زیاتر بخاتە سەر حکومەت کە زیاتر لە دەستور جێ بەجێ بکات)).

دەستوور و پرەنسیپەکانی بۆ جێبەجێکردنن نەك بۆ ئاراستەکردن لەپێناو دانوستاندندا، بەڵکو پرەنسیپەکانی دەستوور( ئاراستەکراون) بۆ چۆنێتیی پیادەکردنی دەسەڵات، بە رای توێژەری فەرەنسی( فۆنیسکا): دەستوور وەك ((سەرکردەیەکی دەستووری)) رەفتاردەکات، بۆیە پێویستە لە رووی یاساییەوە رێزی لێبگیرێت تاکو لە لوتکەی دەوڵەتی یاسادا بێت، بەم جۆرە چاودێریی دەستووری ئەنجامێکی لۆژیکی و پێویستە بۆ ( بەرزیی و پیرۆزیی دەستوور)، بۆیە ئەگەر دەستوور بنکەی باڵای هەرەمی یاسایی بێت لە دەوڵەتدا، ئەوا پێویستە ئەو یاسایانەی لە پەرلەمانەوە دەردەچن لە شێوەی ئەو بن. هەروەها سانسۆری پوچەڵکردنەوەو دوورخستنەوەی یاسا نادەستوورییەکان دابمەزرێت و ببێتە بنەما بۆ هێنانەکایەی زەمانەت دژی ستەم، کەواتە ئەو کارە پێویستی بە بوونی پاسەوانێك هەیە بۆ دابینکردنی ئەو ئاراستەیە وەك (ئەنجومەنی دەستووری لە فەرەنسا و دادگای باڵای فیدراڵی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا).

بۆیە دەستوور کە (بینای ئەندازەیی سیستەمی سیاسی یە، کە لەسەر چوار بەندی بنەڕەتی دامەزراوە، هاووڵاتیبوون و یەکسانی و هاوکوفیی دەرفەت ماف و ئازادییەکان)، ئەمەش نابێ ببێتە بابەتێك بۆ سازش و سازان، پێویستە دەسەڵاتدارانی سیاسی نەکەونە ئەو وەهمەوە کە دەستوور زامنی یەکێتی و مافەکانە، زەمانەت لە واقیعدا دێتەدی نەك لە وەهمدا، کاتێکیش زەمانەت لە واقیعدا نایەتەدی ناکرێ باسی دەستوور بکرێت هەتا ئەگەر دەستوورەکە هەشبێت، بۆیە جاڕدانی فەرەنسی بۆ مافی مرۆڤ و هاووڵاتی کە لە ١٧٨٩ دەرچووە( کە بۆتە بەشێك لە یەکەم دەستووری شۆڕشی فەرەنسا کە لە ١٧٩١ دەرچووە) لە ماددەی ١٦ دا دەڵێت( هەر کۆمەڵگەیەك زامنی مافەکانی تێدا دەستەبەرنەکرابێت، هیچ دەستوورێکی نییە)، بەم شێوەیە دەستوور ئامرازێکە بۆ دانانی سنوور بۆ دەسەڵات، چونکە دەسەڵات کۆتدەکات لە رێی رێکخستنی پیادەکردنی دەسەڵات لە دەوڵەتدا بە رێگەیەکی پتەوو عەقڵانی، کەواتە دەستوور کاری حوکمڕان و سیاسەتوانان کۆتدەکات، بە رای پرۆفیسۆری فەرەنسی (دۆمینیك رۆسۆ) پەرلەمان لە فەرە نسا نەبۆتە شوێنێکی گونجاو بۆ گفتوگۆکردن بەهۆی بێدەنگیی پەرلەمان و لاوازیی و هەرەسهێنانی رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی نێوان حکومەت و پەرلەمان، ئەو رووبەڕووبوونەوەیە پەلی هاویشت بۆ رووبەڕووبوونەوەی نێوان حکومەت و ئەنجومەنی دەستووریی فەرەنسی( کە وەك دادگای باڵای دەستوورییە). بە رای پرۆفیسۆر( شانتینۆ) دەستوور لەبەر ئەوەی بوونی هەیەو گەمارۆی دەسەڵات دەدات لە چوارچێوەی دۆخێکی یاساییدا، بۆیە پێویستە سنوورێك بۆ ئەو دەسەڵاتە دابنێت.

بەپێی ئەو مەرج و بارودۆخانە، بەردەوام رەفتارێکی هەمیشەیی لای حوکمڕانان سەرهەڵدەدات لەبەرامبەر گوێ نەدان بە دەستوور یان پشتگوێخستنی یاخود پەکخستنی، فەقیهی ئەڵمانی( یلینیك) پێشتر روونی کردبۆوە کە دەستوور بۆتە شتێکی بێزارکەر یان مۆتەکەیەك بۆ حوکمڕانان لەوەتەی چالاکییەکانیانی بەرتەسك و کۆت کردووە.

دەستوور بەو واتایە و بەپێی رای بیرمەندی فەرەنسی ( ئەلیکسی دی توکفیل) بریتییە لە ( دژە کارا)ی ئاژاوە، واتا دوای ئاژاوە دەکەوێت، چونکە کاری رێکخستنی سیستەمی حوکمی دەوڵەت ئەنجامدەدات، هاوکات دەستوور شێوەی هەمیشەیی حوکم و دەسەڵاتە لە دەوڵەتدا، ناکرێ لە دەسەڵاتە پێدراوەکان پاشگەزببێتەوە، چونکە هەر کە دران نابێ بە ویستی کەس لێیان بسەنرێتەوە. هەر کاتێ دەستوور پەسند بکرێت ئەو کاتە دەبێتە ئیلزامی وەك بنکەیەکی بنەڕەتی بۆ ئاراستەکردنی رێکخستنی چالاکییەکانی دەسەڵاتی دەوڵەت.

لە دەوڵەتی فیدڕالیدا، (دی توکفیل) لە کتێبەکەی (دیموکراسی لە ئەمریکا) دووپاتی دەکاتەوەو پێیوایە کە لێکدانەوەی کێشە ئاڵۆزەکان لە دەستووری ئەمریکیدا پێویستە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی فیدڕالیدا بێت. دەسەڵاتی فیدڕالی لە دەوڵەتی فیدڕالدا کاتێ لاوازبێت، ناتوانێ خۆی لەبەردەم گورزی بەهێزی ویلایەتەکاندا بگرێت، ئەم حاڵەتەش دەبێتە حاڵەتێکی تازەو مەترسیدار، کە حاڵەتی (هەڵوەشانەوەی فیدڕال) ە کە ناکرێ،بە گوتەی دی توفیل، کارا بێت مەگەر بە ئیرادەی ئازادی هاوبەشی ویلایەتەکان.

کەواتە، کاتێ دەوڵەتی فیدراڵ رووبەڕووی کێشەی قورس و ئاڵۆز دەبێتەوە لە ئەنجامی زێدەڕۆیی و لادان لە دەقەکان و گیانی دەستوور، ئەو کاتە پێویستە سیاسەت و بڕیارگەلی زۆر بگیرێتە بەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتە تاکو دەوڵەت نەگاتە دۆخی هەڵوەشانەوە، ئەو جۆرە سیاسەتانە پێویستە ئەنجامی راوێژو گفتوگۆ بێت لەنێوان دەسەڵاتی فیدڕال و دەسەڵاتی ئەو ویلایەتانەی دەوڵەتە فیدڕالەکە پێکدەهێنن.

**● ئەو کێشە ئاڵۆزانە دەکرێ بەم شێوەیە پۆلێن بکرێن:**

* ئەو کێشانەی پەیوەستن بە دەستوور و گرنگیشە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە لەلایەن پسپۆرانی دادگاو سیاسەت، کە ئەو کێشانەی دەخرێنە بەردەمیان دەیانپشکنن و وردبینیان بۆ دەکەن و بڕیاری گونجاویان بۆ دەردەکەن کە کۆتایین و پێویستە جێبەجێ بکرێن.

* ئەو کێشانەی پەیوەستن بە مەسەلەی هاوکاری و کێبڕکێ و خستنەڕووی پێشنیاری تازە کە زەمینەیەك پێکدەهێنن بۆ راوێژو گفتوگۆو گەنگەشەکردن لە نێوان لایەنەکاندا، ئەو کێشانە کێشەی جێبەجێکارین لە ئەنجامی جێبەجێکردنی دەقەکانی دەستوور و بەکارهێنانی دەسەڵاتەکان کە لەو دەقانەدا هاتوون، هەروەها ئەو کێشە کردەییانەی کە رەنگە سەرهەڵبدەن کە پێویستە هەڵوەستەیان لەسەر بکرێت و گفتوگۆیان دەربارە بکرێت و چارەسەری واقیعیانەیان بۆ دەست نیشان بکرێت، ئەم دۆخە پێویستی زۆری بە نیازپاکی هەیە لە لایەنە سیاسییە کاراکانەوە تاکو بتوانن چارەسەری ئەو تەحەددیانە بکەن کە دێنە پێش، لێرەدا پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە کە چارەسەرو پاشەکشەکردنی بەرامبەر بەسە بۆ چەسپاندنی فیدڕالییەت وەك سیستەمێکی سەرکەوتووی کارا.

لە حاڵەتی عێراقدا کێشەکان لەوەتەی پەسندکردنی دەستووری ٢٠٠٥ و دانانان بە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدڕالی لەناو فیدڕالییەتی عێراق سەریان هەڵداوە. هەرێمی کوردستان تائێستا بە تاکە هەرێم ماوەتەوە ئەوەش سروشتی فیدڕالییەتی عێراقی ئاڵۆزکردووە، چونکە بوو بە تاکە نموونەیەکی پیادەکردنی فیدڕالی و ناکۆك لەگەڵ ئەوەی کە باوو ئاساییە لە رێکخستنی فیدڕالییەتەوە، لە رووی ئەوەی کە فیدڕالییەت پێویستە بەلای کەم لە دوو هەرێم پێکبێت، ئەو رەوشە تایبەتییە سروشتی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی فیدڕال ئاڵۆزکرد کە هەوڵیداوە بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکات کە بە تەواوی و ورد دەقەکانی دەستووری جێبەجێ نەکردووەو ئەمەش بووە هۆی پەیداکردنی درزێکی سەخت لە ژێرخانی دەستووردا و دۆخەکەی زۆر لە خەونی ئەوانەی دەستووریان لە ساڵی ٢٠٠٥ نووسییەوە، دوورخستەوە.

ئەو درزە لە راوبۆچوونەکانی نێوان دەسەڵاتی فیدڕال و دەسەڵاتی هەرێم زەمینەیەکی گونجاوی بۆ کێشەو جیاوازییەکان هێنایە کایەوە کە بە شێوەیەکی مەترسیدار کەڵەکەبوون و بوونە هەڕەشە بۆ سەر بوونی عێراق وەك دەوڵەت.

لەبەر ئەوە شتەکە زۆر جیدییە بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی گرنگ و یەکلاکەرەوە بۆ ئەوەی دەقەکانی دەستوور بە تەواوی جێبەجێ بکرێن، ئەوەش نابێت تەنیا بە وتووێژی دەستووری، بەڵکو لە رێی راوێژو گفتوگۆی کراوەو راشکاوانەو عاقڵانە کە بگەنە بڕیارو سیاسەتەی گونجاو کە گیان بکاتەوە بە بەر رۆحی دەستوورو مان بۆ سیاسەت بگەڕێنێتەوە کە پێویستە گوزارشت لە بەرژەوەندیی گشتیی هاوبەش بکات بە تێگەیشتنی ئەرستۆ، هاوکات گوزارشت لە واقیعی فرەیی سیاسی بکات بە تێگەیشتنی (هانا ئارندت).



# ئێستا عێراق بۆتە دەوڵەتێکی پاشکۆی ئێران

**پێویستە ئەمریکا بە روونی ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی بخاتەڕوو. نابێت ڕێگە بە ئێران بدات ڕێڕەوێک لە تارانەوە بۆ بەیروت و بە تێپەڕبوونی بە کوردستانی عێراق و سووریادا دروست بکات**

*** ئێوە دەزانن دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە کوردستاندا، چەند پەرەسەندنێك هاتنەپێشەوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن وەسفی ئەو رواداوانە دەکەیت کە لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە روویاندا؟**

- لە راستیدا باڵێکی دیاریکراوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناپاکییان لە خەونی سەربەخۆیی کرد، چونکە بەغدا توانی قەناعەت بەو باڵە بهێنێت کە دەست لە بەرگریکردن لە شاری کەرکووك هەڵبگرن. هەروەها ئەمریکاش ناپاکی لە کوردی عێراق کرد. بەرپرسانی ئەمریکا و حکومەتی عێراقی پیلانگێڕییان کردو بە ئەنقەست گۆڕەپانەکەیان رادەستی ئێران کرد.

*** لە ئێستادا کوردستان سەرقاڵی ئەوەیە ڕێگاچارەیەك بگرێتەبەر بۆ تێپەڕاندنی بارودۆخەکە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پێویستە کوردستان چی بکات و ئایا دەتوانێت چی بکات؟**

- ئاشکرایە کە زۆرینەی کورد پشتیوانییان لە سەربەخۆیی کرد لە رۆژی ٢٥ی ئەیلوولدا. ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا روویدا هیچ لەو مەسەلەیە ناگۆڕێت. پێویستە هەرێمی کوردستان ساڵێك پێشتر ریفراندۆمی ئەنجام بدایە، واتە پێش شەڕی موسڵ، چونکە لەو کاتەدا دەسترۆیشتوویەکی زیاتری هەبوو.

*** نکۆڵی لێناکرێت، کە لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە، ئێران توانیویەتی پتر پەرە بە دەسترۆیشتوویی خۆی بدات لە عێراقدا، ئایا ئاکام و کاریگەرییەکانی باڵادەستبوونی ئێران لە عێراقدا لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و تەواوی ناوچەکە چین؟**

- عێراق بۆتە دەوڵەتێکی پاشکۆی ئێران. ئەو میلیشیا شیعانەی لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن، چەکی ئەمریکی و پێشکەوتوویان لە دژی کورد بەکار هێنا، ئەمەش پێشێلکردنی یاسای ئەمریکییە. زۆر سەیرە ئێران لەو ساتەوەختەدا دەسەڵات و دەسترۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا چەسپاند کە سەرۆك ترەمپ ستراتیژیەتێکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کردارەکانی ئێران لە ناوچەکەدا راگەیاند کە بڕیار بوو ستراتیژیەتێکی توند بێت.

*** زۆر باس لەوە دەکرێت کە زۆر جار ئەمریکا دەستبەرداری کورد بووە، ئایا هەڵوێستی ئەمجارەی ئەمریکا مایەی نائومێدی نەبوو بۆ کورد؟**

- بەڵێ، کورد مافی خۆیەتی هەست بە نائومێدی بکات لە ئاست ئەمریکادا، بەڵام نابێت دووچاری سەرسوڕمان بێت. ئەوەی لە کەرکووکدا روویدا نموونەیەکی دیکە بوو لەبارەی ڕێگاچارەکەی ئیدارەی ترەمپەوە کە لە رووی ستراتیژییەتەوە

دەیڤید فلیپس
سەرۆکی پرۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکانە لە ئامۆژگای دیراساتی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆڵۆمبیا بۆ گوڵان:

# ئەمریکا و حکومەتی عێراق پیلانیان لە کوردستان کرد و بەئەنقەست گۆڕەپانەکەیان تەسلیمی ئێران کرد

**دەیڤید فلیپس سەرۆکی پرۆگرامی بنیادنانی ئاشتی و مافەکانە لە ئامۆژگای دیراساتی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆی کۆڵۆمبیا. پێشتر راوێژکاری باڵای سکرتاریەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بووە، هەروەها شارەزای کاروباری دەرەکی بووە و راوێژکاری باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و توێژەر بووە لە سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی هارڤارد. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد کە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەست بوون بە ئەو هەلومەرجەوە کە لە ئێستادا باڵادەستە بەسەر ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە پەیوەندی بە رۆڵ و کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئێرانەوە لەسەر پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم ناوچەیە، ئەویش بەم شێوەیە تێڕوانینەکانی خستەڕوو.**

ڕێگاچارەیەکی پڕ لە کەموکوڕییە و دژیەکی لەخۆ دەگرێت.

*** چۆن لە ئایندەی کوردستان دەڕوانیت؟**

- پێویستە کورد هەڵبستێت بە ڕێکخستنەوەی نێوماڵی خۆی. پێویستە بەرەنگاری گەندەڵی و مەحسوبییەت ببێتەوە، دەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا پابەند بن بە ئاسایشی کوردستانەوە و هاوکاری دارایی راستەوخۆ و سەخاوەتمەندانەتر بۆ هاوکاریکردنی بودجەی کوردستان و بۆ بواری مرۆیی تەرخان بکەن. هەروەها دەکرێت کورتهێنانی بودجەی کوردستان لە ڕێی کەمکردنەوەی خەرجییەکانەوە چارەسەر بکرێت.

*** چۆن لە پەرەسەندنەکانی دیکەی ناوچەکە دەڕوانیت، بەتایبەتی بارگرژیی هەڵکشاو لە نێوان هەردوو وڵاتی سعودیە و ئێران؟**

- هەڵکشانی گرژیی ئەم دواییەی نێوان هەردوو وڵاتی سعودیە و ئێران ئاکامی ئیقلیمی هەبووە لەسەر ئەو وڵاتانەی کە ئەم دوو وڵاتە شەڕی بەوەکالەتیان تێدا بەرپا کردوون، وەك یەمەن، هەروەها لەو وڵاتانەی کە تێیدا ململانێی درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی خۆیان دەکەن، وەك لوبنان.

*** هەمیشە ئیدارەی ئەمریکا، ئێران بە فاکتەرەی ناسەقامگیریی ناوچەکە دادەنێت، بەڵام ئایا بە راستی جگە لە رووبەڕووبوونەوەی سەربازی و راستەوخۆ هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکەی هەیە کە ئێران ناچار بکات رەفتارەکانی بگۆڕێت؟**

- پێویستە ئەمریکا بە روونی ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی بخاتەڕوو. نابێت ڕێگە بە ئێران بدات ڕێڕەوێك لە تارانەوە بۆ بەیروت و بە تێپەڕبوونی بە کوردستانی عێراق و سووریادا دروست بکات. ئێران ئەو ڕێرەوە بۆ گەیاندنی مووشەکی زیاتر بۆ حزبوڵا و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە بەکار دەهێنێت کە ئەوانیش تێکشکاندنی ئیسرائیلیان کردۆتە ئامانجی خۆیان. پشتیوانیکردنی کوردستانی عێراق بۆ کۆنترۆڵکردنی خاکی خۆی باشترین ڕێگاچارەیە بۆ سنووردارکردنی ئێران.

*** پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ناوچەکە چییە؟**

- پێموایە باشترین سیناریۆ ئەوەیە کوردستانی عێراق سەربەخۆیی رابگەیەنێت و پشتیوانی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی رۆژئاوا بە دەست بهێنێت. رەنگە ئەمە لە ئێستادا روونەدات، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە لە ئایندەدا بێتەئاراوە کاتێك بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. خراپترین دۆخیش ئەوەیە شەڕی ناوخۆیی عێراق لە کۆنترۆڵ دەربچێت و سەربکێشێت بۆ خوێنڕێژی و دەرئەنجامی مرۆیی و ستراتیژیی گەورەی لێبکەوێتەوە.

**باڵێکی دیاریکراوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ناپاکییان لە خەونی سەربەخۆیی کرد، چونکە بەغدا توانی قەناعەت بەو باڵە بهێنێت کە دەست لە بەرگریکردن لە شاری کەرکووک هەڵبگرن**

# کێشەی سەرەکیی نێوان کوردستان و عێراق پێشێلکردن و جێبەجێ نەکردنی دەستووره

ئەو بارودۆخە کارەسات ئامێزەی بەهۆی رەفتاری نەبەرپرسیارانەی حکومەتی عێراقەوە رووبەڕووی هەرێمی کوردستان بۆتەوە، لەبنەڕەتدا پێشێلکردن و جێبەجێنەکردنی ئەو دەستوورەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٥ هەموو خەڵکی عێراق دەنگیان پێداوە، ئەو دەستووره لەنێوان کوردستان و عێراقدا گربەستێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بەداخەوە دوای تێپەڕبوونی ١٢ ساڵ بەسەر پەسەندکردنی ئەو دەستوورەدا، ئەو دەستووره کاری پێنەکراو پێشێلیش کرا، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵێك کێشەی جددی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بێتەئاراوە، هەر بۆیە ئەگەر دەستوور وەك گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی سەیر بکرێت، ئەوا دەبێت هەردوو لایەنی گرێبەستەکە پێوەی پابەند بن، بەڵام کاتێك لایەنێك پێوەی پابەند نەبێت، ئەوا ئەو گرێبەستە هیچ ئاکامێکی نابێت و بە هەڵوەشاوە لەقەڵەم دەدرێت.

حکومەتی عێراق بۆ سڕینەوەی کیانی سیاسیی کوردستان کە دەستووری عێراق دانی پیدا ناوە، دەستوورەکەی کردۆتە چەکێك بۆ ئامانجەکانی خۆی و بانگەشە بۆ ئەوە دەکات ئەو دەستووره گەرەنتی مانەوەی عێراقە بە یەکپارچەیی، بەڵام هیچ پابەندبوونێك ناخاتە سەرشانی خۆی کە گەرەنتی ماناو بایەخی ئەو دەستووره جێبەجێکردنیەتی، هەر بۆیە ئەوەی بە کردەیی لە حکومەتی عێراقەوە دەیبینین تەواو تەواو پێشێلکردنی ئەو دەستوورەیە، هەر بۆ نموونە دەستووری عێراق رێگەنادات بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە ناوخۆییەکان پەنا بۆ سوپا و هێزی سەربازی ببرێت، بەڵام وەك دەبینین حکومەتی عێراق پەنای بۆ هێز بردووە، هەروەها هەموو کارەکانی سەبارەت بە داخستنی فڕۆکەخانەکان و مامەڵەکردنی لەگەڵ دەروازە سنوورییەکان نادەستوورییە، لەمەش زیاتر ئەو رەفتارەی ئێستا هێزەکانی حەشدی شەعبی لە کەرکووك و توز خورماتوو دەرهەق بە خەڵکی سڤیل دەیکەن و دەیانکوژن و لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەربەدەریان دەکەن، ئەمانە هەمووی پێچەوانەی ئەو دەستوورەیە کە عێراق بانگەشەی بۆ دەکات.

کەواتە لێرەوە دەکرێت ئاماژە بەو راستییە بکەین کە هۆکاری سەرەکیی گەیشتنمان بەم دۆخەی ئێستا ئەوەیە کە حکومەتی بەغدا نە بڕوای بە جێبەجێکردنی دەستوورەکە هەیە، نە بڕواشی بە بونیادنانی سیستمێکی فیدراڵی هەیە، ئەمەش لە روانگە یاساییەکەیەوە جەختی لەسەر دەکەمەوە، لەبەر ئەوەی دەبوو بەپێی ماددەی ٦٤ی ئەو دەستووره، ئەنجومەنی فیدراڵی دابمەزرایە بۆ ئەوەی گەرەنتی مافەکانی هەرێمەکان مسۆگەر بکات، زیاد لەمەش بنەمای سەرەکیی سیستمی فیدراڵی بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵات و داهات، بەڵام حکومەتی بەغدا بەوجۆرە لە مانای دابەشکردنی دەسەڵات تێگەیشتووە کە دەسەڵات تەنیا لەنێوان یەك مەزهەبدا کە ئەویش شیعەیە دابەش بکرێت و پێکهاتەکانی دیکە پەراوێز بخرێن و دەسەڵاتەکان بە تەواوەتی قۆرخ بکەن، سەبارەت بە دابەشکردنی داهاتیش، ئەوەی ئێستا لە هەڵسوکەوتی سەرکردەکانی شیعە تێبینی دەکرێت، هەست دەکەین ئەوان وابیر بکەنەوە کە مێژوو غەدری لێ کردوون و ماوەیەکی زۆر لە دەسەڵات مەحرووم بوون و ئێستا کە گەیشتوونەتە دەسەڵات،

**فاکتەری سەرەکیی کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق پێشێلکردنی دەستوورە، ئەگەر ئەو دەستوورە پێشێل نەکرابایە، زۆر لەو کێشانەی ئێستا روویان نەدەدا و چەند کێشەکانیش زیاتر کەڵەکە بن، لە چارەسەری راستەقینە دوورمان دەخاتەوە**



د.فرسەت سۆفی
بۆ گوڵانی نووسیوە

هەرچی سەروەت و سامانی عێراق هەیە، بە موڵکی خۆیانی دەزانن.

کێشەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی عێراق لەماوەی کابینەی دووەمی حکومەتی مالیکی گەیشتە ئەوپەڕی هەتا لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٤ بودجە و مووچەی کوردستانیان بڕی، بەڵام لەکۆتایی ٢٠١٤ کە حەیدەر عەبادی بووە سەرۆك وەزیران، وا بڕیار بوو کە هەموو هەڵەکانی پێشتر راست بکرێنەوە، هەر خودی عەبادی وەك دیکیۆمێنتێکی سیاسی لەناو پەرلەمانی عێراق خوێندیەوەو بەڵێنی دا، کە لەماوەی تەنیا چوار مانگدا کێشەی بودجە و مووچە و چەك و پێداویستی پێشمەرگە چارەسەر بکات، لەماوەی ساڵێکدا ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێمی کورستان چارەسەر بکرێت و لەماوەی شەش مانگدا یاسای نەوت و گازی فیدڕالی دەربچوێندرێت، بەڵام ئەوە زیاتر لە سێ ساڵ بەسەر بەڵێنەکانی ئەو دیکیۆمێنتە سیاسییەی حکومەت تێپەڕیوە، دەکرێت پرسیار ئاراستەی د.حەیدەر عەبادی بکرێت، ئایا کام لەم خاڵانە جێبەجێ کراون؟ ئایا بۆ جێبەجێ نەکراون؟ ئاشکراشە کە ئەو خاڵانە هیچیان لێ جێبەجێ نەکراوە، لەهەمووشیان گرنگتر پرسی پێشمەرگەیە کە دەبوو بەهۆی قارەمانیەتی پێشمەرگەوە لەشەڕی دژی داعش، ئەو خاڵەیان هەر زوو جێبەجێ بکرایە، بەڵام نەك هەر جێبەجێیان نەکرد، بەڵکو ئەو هاوکارییانەشی کە لەلایەن هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییەوە دەنێردران و دەهاتنە فڕۆکەخانەی بەغدا، لەوێ وەك خۆی نەیاندەنارد بۆ پێشمەرگە و بەشێکی زۆری لێ گل دەدرایەوە.

لایەنێکی دیکە کە بۆ ئێستا گرنگە زیاتر جەختی لەسەر بکەینەوە، ئەوەیە لە کۆی ١٤٤ ماددەی ئەو دەستوورە، بەشی هەرە زۆری ئەو ماددانەی پەیوەندییان بە مافەکانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، پێشێل کراون، ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان کە کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بسڕنەوە کە لە ماددەکانی ١١٧ و ١٢١ی دەستوورەکەدا بە فەرمی دان بە کیانی سیاسیی کوردستاندا نراوە، ئەمەش واتە داننان بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەریی هەرێمی کوردستان، بەڵام بەداخەوە لە پرۆژەی ئەو یاسایەی بۆ بودجەی ٢٠١٨ ئامادە کراوە، ناوی هەرێمی کوردستان گۆڕاوە بۆ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەقڵییەتێکی حوکمڕانی کە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ دەستوور بکات، بە بڕوای من زۆر قورسە و زەحمەتە لەگەڵیان بگەینە ئاکامێکی باش، بەتایبەتی کە ئێستا بەغدا بە تێگەیشتنی براوە و دۆڕاو سەیری پرسەکە دەکات و خۆی وەك لایەنی براوەی کێشەکە سەیر دەکات و غروور و لەخۆباییبوون گرتوویەتی، کە دەبوو ئەوەی لەبیر بوایە پێشتریش بە درێژایی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق هەر لە عەبدولکەریم قاسمەوە تا دەگاتە سەدام حوسێن، هەر کاتێك خۆیان بە بەهێزی بینیبێت، بە غرووری و لە خۆباییبوون مامەڵەیان لەگەڵ کوردستان کردووە، بەڵام چارەنووسی ئەوان بە کوێ گەیشت، ئەوانەی ئێستاش هەر بەو چارەنووسە دەگەن.

هەر بۆیە کاتێك ئێمە ئەم واقیعەمان لەبەر چاو بێت، دەبێت بزانین چۆن رووبەڕووی ئەم

**بە درێژایی حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق هەر لە عەبدولکەریم قاسمەوە تا دەگاتە سەدام حوسێن، هەر کاتێک خۆیان بە بەهێزی بینیبێت، بە غرووری و لە خۆباییبوون مامەڵەیان لەگەڵ کوردستان کردووە، بەڵام چارەنووسی ئەوان بە کوێ گەیشت، ئەوانەی ئێستاش هەر بەو چارەنووسە دەگەن**

واقیعە دەبینەوە و لەکاتێکدا باس لەوە دەکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرەو دانوستاندن هەنگاو هەڵدەگرن، ئەوا گرنگە پێش هەموو شت، نیومالّی کوردستان یەك بخەینەوەو بە یەکگرتوویی و یەککگوتارییەوە ئەم بارودۆخە تێپەڕێنین، لەمبارەوە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی کوردستان هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ و سەردانی هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی کردووە بۆ ئەوەی هیچ پەڵپ و بیانوویەك نەهێڵێتەوە، هەموو لایەك بە یەککگرتوویی و بە یەکریزی بچینە ناو ئەم دانوستاندنە، هەروەها گرنگە کە لەم دانوستاندنەدا لایەنی سێیەم ئەوجا، نەتەوە یەکگرتووەکان بێت، یان ئەمریکا، یان یەکێتی ئەوروپا، بوونیان هەبێت، بۆ ئەوەی شاهید بن بەسەر پرۆسەکەوە، بۆ ئەمەش گرنگە ئاوڕێك لەمێژووی خۆمان بدەینەوە، بەتایبەتی دوای کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ و دەرچوونی بڕیاری ٦٨٨ لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە کە پاشان لەگەڵ حکومەتی عێراق کەوتینە دانوستاندن، دەبوو ئەوکات کە ئێمە بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی ئاسایش پارێزراو بووین، داوای ئەوە بکەین کە ئەنجومەنی ئاسایش وەك لایەنی سێیەم ببوایە بە شاهید و ناوبژیوان لەنێوان ئێمە و عێراقدا، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کاتیش لایەنی سێهەم لە نیوانماندا نەبوو، بۆیە ئاکامی دانوستاندنەکە لەگەڵ حکومەتی عێراق بە هیچ نەگەیشت، بۆیە ئێستا ئێمە دەبێت وەك باشووری سودان بکەین، کە پاش ئەوەی باشووری سودان لە ٢٠٠٥ لەگەڵ خەرتووم بەپێی رێککەوتنی نیفاشا کەوتە دانوستاندن گەیشتنە ئاکامێکی زۆر باش، لەبەر ئەوەی رێکخراوی یەکێتی ئەفریقیا و کینیا شاهید و ناوبژیوان بوون لە نێوان هەردوولادا و پاشانیش دوای پێنج ساڵ ریفراندۆمیان کردو توانییان دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان رابگەیەنن، ئاماژەکردن بە ئەزموونی رێککەوتنی نیفاشای نێوان باشووری سودان و حکومەتی خەرتووم، بۆ ئەوەیە ئەگەر لایەنی سێهەم هەبێت، ئەوا ئاکامی دانوستاندنەکە ئیجابی دەبێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر لایەنی سێهەم بوونی نەبوو، ئاکامێکی ئەوتۆی نابێت.

حەیدەر عەبادی پاش ئەوەی هێزی دژی کوردستان جووڵاند، ئێستا گرەو لەسەر برسیکردنی خەڵکی کوردستان دەکات، لەبەر ئەوەی باش دەزانێت دوای داگیرکردنەوەی کەرکووك و نەمانی نەوتی هاڤانا و بای حەسەن لە دەستی حکومەتی هەرێم بۆ دابینکردنی مووچەی فەرمانبەران، لە ئێستادا دەیەوێت یاری بەکات بکات و حکومەت بخاتە ژێر گوشاری خەڵکی کوردستانەوە، یان خەڵکە تووڕە بێت و ناڕەزایی دەرببڕێت، بەڵام ئەم بابەتەش زۆر بە جددی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کاری لەسەر کراوە و حیسابی بۆ کراوە، بەتایبەتی ئەم بابەتە لەگەڵ ریکس تیلرسۆنی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەوەی زۆر گرنگە ئەمریکا لە نزیکەوە بێتە ناو پرۆسەکە و رێگە نەدات کە حکومەتی عێراقی یاری بە کات بکات، بۆ ئەم مەبەستەش باس لەوە کراوە، یان دەبێت بارودۆخەکە وەك پێشانی لێ بێتەوە و ئەو نەوتەی کەرکووك بدرێتەوە بە حکومەتی کوردستان بۆ ئەوەی هەتا دەگەنە رێککەوتن، حکومەت بتوانێت مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابین بکات، یان حکومەتی عێراق مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابین بکات، بەڵام ئەگەر حکومەتی عێراق هەر لەسەر گەمەکردنی بە کات بەردوام بێت، یان نەتوانرێت بگەینە ئاکامێکی ئیجابی، بەتایبەتی کە ئێستا حکومەتی کوردستان لۆژیکانە و دووربینانە و زۆر بە ئارامی هەنگاو هەڵدەگرێت، بۆ ئەوەی کێشەکان بە دیالۆگ و رێگەچارەی ئاشتییانە چارەسەر بکات، بەڵام ئەم لۆژیك و ئارامییە لەوانەیە تاسەر بەردەوام نەبێت، ئەگەر حکومەتی بەغدا بەرپرسیارانە هەنگاو بۆ پێشەوە هەڵنەگرێت، لەم حاڵەتەدا کوردستانیش کارتی دیکەی لەبەردەستەدا دەبێت و بەکاری دەهێنێت. ئەگەر عەبادی بیر لەوە بکاتەوە سەقامگیریی کوردستان تێکبدات، ئەوا دڵنیای دەکەینەوە کە پێش ئەوەی سەقامگیری کوردستان تێکبچێت، سەقامگیری بەغداو عێراق تێکدەچێت، پێشتریش زۆر لە حکومەتەکان رێگەی دیکەیان لەگەڵ کوردستان تاقی کردەوە، بۆیە سەقامگیری لە عێراقدا بوونی نەبووە.

لە دوماهیدا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە فاکتەری سەرەکیی کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق پێشێلکردنی دەستوورە، ئەگەر ئەو دەستوورە پێشێل نەکرابایە، زۆر لەو کێشانەی ئێستا روویان نەدەدا و چەندی کێشەکانیش زیاتر کەڵەکە بن، لە چارەسەری راستەقینە دوورمان دەخاتەوە.

**لە کۆی ١٤٤ ماددەی ئەو دەستوورە، بەشی هەرە زۆری ئەو ماددانەی پەیوەندییان بە مافەکانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە، پێشێل کراون، ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان کە کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان بسڕنەوە کە لە ماددەکانی ١١٧ و ١٢١ی دەستوورەکەدا بە فەرمی دان بە کیانی سیاسیی کوردستاندا نراوە**

**بنەمای سەرەکیی سیستمی فیدراڵی بریتییە لە دابەشکردنی دەسەڵات و داهات، بەڵام حکومەتی بەغدا بەوجۆرە لە مانای دابەشکردنی دەسەڵات تێگەیشتووە کە دەسەڵات تەنیا لەنێوان یەک مەزهەبدا کە ئەویش شیعەیە دابەش بکرێت و پێکهاتەکانی دیکە پەراوێز بخرێن**

**هۆکاری سەرەکیی گەیشتنمان بەم دۆخەی ئێستا ئەوەیە کە حکومەتی بەغدا نە بڕوای بە جێبەجێکردنی دەستوورەکە هەیە، نە بڕواشی بە بونیادنانی سیستمێکی فیدراڵی هەیە**

# کەرکووک (ئەلزاس) و کفری (لۆرین)ـە

هەرێمی (ئەلزاس) و (لۆرین) لە هەردوو ناوچەی (ئەلزاس) و (لۆرین) پێکدێت کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی فەرەنساوە، بە درێژایی سنووری نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا لە رۆژهەڵاتەوەو لەگەڵ سنووری لۆکسۆمبۆرگ و بەلجیکاش لە باکوورەوە.

ئەلزاس و لۆرین بۆ چەندین سەدە کێشەی نێوان فەرەنسا و ئەڵمانیا بووە، دواتر ئەڵمانیا دەستی بەسەردا گرت هەتا ساڵی ١٩١٨، کە لەو ساڵەدا فەرەنسا گێڕایەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام جارێکی دی ئەڵمانیا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا لەساڵانی نێوان ١٩٣٩ بۆ ١٩٤٥ دەستی بەسەردا گرتەوە، بەڵام بە رووخانی ئەڵمانیا لە کۆتایی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا کەوتەوە دەستی فەرەنسا هەتا ئەمڕۆ.

شاعیری نەتەوەیی کورد عەبدولخالق ئەسیری کە لە ساڵی ١٨٩٠ی زایینی لە شاری کەرکووک لە بنەماڵەیەکی زانستدۆست و ئاینپەروەر لەدایکبووە و بۆ خوێندنی مەلایەتیش زۆر لەشارەکانی کوردستانی باشوور و رۆژهەڵاتی کردووە، دواجار هەر لە کەرکووک لەلای مامۆستا مەلا عەلی حیکمەت سیامەنسووری ئیجازەی زانستی وەردەگرێت.

ئەسیری لەساڵی ١٩٢٠دا دەچێتە ئیستانبوڵ و هەر لەوێش چاوی بە نەجمەدین ئەفەندی برای و شێخ عەبدولقادر شەمزینی دەکەوێت و لەوانیشەوە ئاشنای خەباتی کوردایەتی و نەتەوایەتی دەبێت و دواتریش لەساڵی ١٩٢١دا دەگەڕێتەوە کەرکووک و دەست دەکات بە هۆنینەوەی شیعرو هۆنراوەی نەتەوەیی و کوردایەتی.

ئەسیری شاعیر لە ١٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٢داو لە تەمەنی ٧٢ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و لەگۆڕستانی شێخ محێدینی شاری کەرکووک بەخاکی کوردستان دەسپێردرێت

بەهەستی نەتەوایەتی بەرزی خۆی، ئەسیری شاعیر لەو سەردەمەدا، لەبیری ئەوەدا بووە کە دەبێت کورد هەمیشە لەخەمی پاراستنی کەرکووک و کفری و ناوچەکانی دیکەی کوردنشین بێت و هەمیشەش هەوڵی گێڕانەوەو بەستنەوەیان بدات بە شارەکانی دیکەی کوردستانەوە، بۆیە لە هۆنراوەیەکی زۆر جواندا، کەرکووک بە ئەلزاس دەچوێنێت و کفریش بە لۆرین، کاتێك دەڵێت:

کەرکوک (ئەلزاس)ـە و کفری (لۆرین)ـە

لێرەوە بۆ ئێمەی کوردستانییانی ئەم سەردەمەو بۆ نەوەی نوێی ئەمڕۆمان، بووژاندنەوەی ئەم هەستە نەتەوەیی و نیشتمانییە چەندە گرنگە، کە (ئەسیری)ی شاعیر و دەرچووی حوجرەی مەلایەتی و سەر بە رێبازی نەقشبەندی چەند جوان هەستی نەتەوایەتی و ئاینپەروەری تێکەڵ بە یەکدی کردووەو لە بۆتەی نیشتمانی کوردستاندا کۆیکردوونەتەوە.

ئەم رێبازە جوانەی پێشینانمان پێمان دەڵێت کە ئێمەش وەك هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم زەمینە، مافی سروشتی و خواپێداوی خۆمانە خاك و نیشتمان و زێدی باب و باپیرانی خۆمان خۆش بوێت، بەتایبەتی کوردستانی ئێمە کە وێرای ئەوەی جگە لەخۆمان خەڵکان و گەڕیدەو پسپۆڕ و مێژوونووسانێکی زۆر، شایەدیی ئەوەی بۆ دەدەن کە خاوەنی زۆر سیفات و تایبەتمەندێتی جۆراوجۆرو کەم وێنەیە، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بۆ شوێنی بەرچاو و هەڵکەوتووی کوردستان دەکات وەك خاکێکی پڕ خێر و بەرەکەتی نەبڕاوە کە شایانی ئەوە بوو، ببێتە شوێنی نەجات بوون و لانکەی دووەمی مرۆڤایەتی لەدوای تۆفانی سەردەمی (نوح)ـەوە – علیه السلام- تا کۆتایی ژیانی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە، بۆیە کوردستان لەو رۆژەوە لە روانگەی بڵاوبوونەوەی مرۆڤ بەسەر ئەم گۆی زەوییەدا، بووەتە سەنتەری دیمۆگرافیا چەقی بازنەی ژیانی مرۆڤایەتی.

(ئەسیری) لەگەڵ رووداوەکانی جیهاندا ژیاوەو ئاگای لە گۆڕانکارییەکانی دنیاش بووە، بەڵام هەمیشە لە خەمی ئەوەدا بووە کە رێڕەوی رووداوەکان بە ئاراستەی سەربەستی بۆ کورد و سەربەخۆیی بۆ کوردستان بوونایە بە کەرکووك و ناوچەکانی دەوروبەریەوە.

لە ئەمڕۆدا کە شەڕی ماددەکانی دەستوور دەکەین، سڵاو لەگیانی پاکی (ئەسیری) کە زیاتر لە نیو سەدەیە لە گۆڕستانی شێخ محێدینی شاری کەرکووکەوە چاوەڕێی گەڕانەوەی کەرکووك بۆ کوردستان دەکات.



عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت



جەبار یاوەر

ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ گوڵان:

# لە ئێستادا وەزارەتی پێشمەرگە سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەیەو چەند هەنگاوێکی چاکسازیش هەڵگیراون

## پێشمەرگە هێزێکی ئاشتیخوازە، بەڵام ئەگەر پێویست بێت بەرگری لە خاک و خەڵکی کوردستان دەکات

چاکسازی و تەرشیقی وەزارەتی پێشمەرگە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر و داگیرکردنی کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دووبارە دابڕاو لە کوردستان، بووەتە پێداویستییەکی قۆناغەکە، بەتایبەتی دوای تێکچوونی سەقامگیری و ئاسایشی ناوچە جێ ناکۆکەکان، ئەم پرسە و چەند پرسێکی پەیوەست بە کۆبوونەوەکانی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگری عێراق و پەیوەندییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانان، لەم دیمانەیەدا ئاراستەی جەبار یاوەر ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە کراوە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی داوەتەوە.

*** ئەگـەر سـەرەتا بەشـێوەیەکی گشـتی پرسـیار لـەوە بکەیـن ئایـا دوای ڕووداوەکانـی ١٦ی ئۆکتۆبـەر وەزارەتـی پێشـمەرگە چـۆن سـەر لەنـوێ خۆڕێکخستنەوەی بۆ هێـزی پێشـمەرگەی کوردستان کـردووە؟ هەروەهـا بـاس لـەوە دەکرێـت کـە هەندێك لـە لیواکانـی پێشـمەرگە گۆڕانکارییـان تێـدا کـراوە؛ ئایـا ئـەو گۆڕانکارییانـە چۆنـن؟**

- بەهـۆی ئـەو هەلومەرجەی کـە ڕوویـدا بەتایبەتـی دوای ئـەوەی حکومـەتی فیدڕالیی عێراق بڕیاری دا بە هێـزی سـەربازی و بە پلانێکی تاکلایەنە هێزەکانی خۆی و حەشدی شـەعبی لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم بـڵاوە پـێ بـکات، لـەو ناوچانـەی کـە بەپێـی مـاددەی ١٤٠ی دەسـتوور بـە ناوچـە جـێ ناکۆکـەکان دادەنرێـت. ئـەوا دوای ئـەوەی لـە شـەڕی داعشـدا بـە درێژایـی ناوچەکانـی دیالـە تـا شـنگال هـەر لـە سـنووری ئێرانـەوە تـا دەگاتـە سـنووری سـووریا هێڵێکـی بەرگـری دروسـت بـوو، بـەڵام لـەو کاتـەدا هێـزی پێشـمەرگە هاتـە دوای ئـەو هێڵـەوە. بەمـەش یەکەکانـی لیواکانمـان لـە هێڵەکانـی تەمـاس و بارەگاکانـی خۆیـان دوور کەوتنـەوە، بـە ڕادەیـەك لـە هەندێـك شـوێندا کشـانەوەکە شـێوازێکی نارێکخراوەیی پێـوە دیـار بـوو، بەتایبەتـی لـە سـنووری گەرمیـان تـا دەگاتـە سـنوورەکانی دوبـز کـە زیاتـر لـە ٨ لیـوای پیـادەی وەزارەتـی پێشـمەرگەی تێـدا بـوو، هەندێك لـە یەکەکانـی ئـەو لیوایانـە بـەرەو ناوچەکانـی قەرەهەنجیـر و بانـی مەقـان و قـادر کـەرەم کشـانەوە و لـەوێ جێگیـر بوونـەوە، هەندێکـی دیکەیـان لەدیـوی ئاڵتـون کوپـری بـۆ نزیـك ناوچەکانـی قوشـتەپە کشانەوە. هەربۆیـە دوای ئـەوە ڕاسـتەوخۆ کۆبوونـەوەی بـاڵای ئەنجومەنـی بەرگـری لـە وەزارەتـی پێشـمەرگە بـە ئامادەبوونـی فەرمانـدە باڵاکان ئەنجامـدرا، دوای ئـەوەی لێژنەیەکـی بـاڵای وەزارەتمـان دروسـتکردو ئەرکـی سـەردانیکردن و سـەرژمێری و ئامـار و هەڵسـەنگاندنی چـەك و تەقەمەنـی و شـوێنی نیشـتەجێبوون و ڕێوشـوێنە سـەربازییەکانی تـری ئـەو لیوایانـەی پـێ سـپێردرا، بـۆ ئـەوەی دووبـارە سـەر لـە نـوێ ئـەو ٨ لیوایـە لەسـەر شـێوازی نیزامـی ٣ فەوجـی ڕێـك بخەینـەوە. ئومێدەکـە ئەوەیـە بتوانیـن لـە مـاوەی مانگێکـدا ئـەم کـارە ئەنجـام بدەیـن.

*** دیـارە وەزارەتـی پێشـمەرگەی کوردسـتانیش وەك وەزارەتەکانـی دیکـەی حکومـەت پێویسـتی بـە چاکسازی هەیە، باس لەوە دەکرێت کە پێشمەرگەی بندیواریـش هەیـە؛ واتـا نـاو هەیـە و حزووریـان نییـە، پرسـیار ئەوەیـە ئایـا وەزارەتـی پێشـمەرگە پێویسـتی بـە چاکسـازی و تەرشـیق هەیـە؛ ئەگـەر پێویسـتێتی چ بەرنامەیەکتـان بـۆ ئـەم چاکسـازی و تەرشـیقە داناوە؟**

- وەزارەتـی پێشـمەرگەش وەکـو وەزارەتەکانـی دیکـەی حکومـەتی هەرێمی کوردستان کێشـەی زۆری میلاکاتـی هەیـە، بەداخـەوە زۆر جـار لـە کەناڵەکانـی ڕاگەیانـدن تەنیـا نـاوی وەزارەتـی پێشـمەرگە دێـت، لەکاتێکـدا وەزارەتێکـی وەکـو وەزارەتـی کارو کاروبـاری کۆمەڵایەتـی زیاتـر لـە ١٠٠ هـەزار مووچەخـۆری هەیـە بـە نـاوی کەمئەندامـی، ئـەم حاڵەتـە لـە ئابـوور دا پێـی دەوترێـت (بێکاریـی ڕووپۆشـراو) ئەمـەش بووەتـە کێشـەیەکی گـەورە بـۆ حکومەتـی هەرێم، ئەوەتـا کوردسـتان یـەك ملیـۆن و ٤٠٠ هـەزار مووچەخـۆری هەیـە، منیـش لەگـەڵ ئەوەدام ژمـارەی مووچەخۆرانـی هەرێمـی کوردسـتان بـەراورد بـە ژمـارەی دانیشـتوانی کوردسـتان زۆرە، ڕاسـتە ئێمـە لـە وەزارەتمـان خاوەنـی پێشـمەرگەیەکی زۆریـن کـە لـە ئەرکـی سـەربازیدان، بـەڵام خاوەنـی ژمارەیەکـی زۆری خانەنشـینی پێشـمەرگە و کەمئەندامیشـین.

بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم حاڵەتانـە و چاکسـازی لـە وەزارەتـی پێشـمەرگە چەنـد هەنگاوێکـی گرنـك نـراوە لەوانـە:

١. لـە ڕێگـەی لێژنەیەکـەوە پێداچوونـەوە بـە پێکهاتـەی هەیکەلـی دیوانـی وەزارەتـی پێشـمەرگە و کەمکردنـەوەی میلاکات کـراوە، وە نەبێـت ئـەوەی زیـادە دەسـتبەرداری بیـن، بەڵکـو دەیگوازینـەوە بـۆ یەکـە شـەڕکەرەکانی سـەر بـە لیواکانـی پیـادە.

٢. لێژنەیەکـی دیکـەی وەزارەت سـەرقاڵی پێداچوونەوەیـە بـە پشـکنینی تەندروسـتی پێشـمەرگە کەمئەندامـەکان، کـە ژمارەیـان ٨٤٠٠ پێشـمەرگەی کەمئەندامـە و تـا ئێسـتا لـە پشـکنینی تەندروسـتی ٣٤٠٠ کەسـدا ١٣٠٠ کەسـیان لـەو پشـکنینە دەرنەچـوون، واتـە کەمئەنـدام نەبـوون و کەسـی سـاغ بـوون. ئـەم لێژنـە پزیشـکییەش زۆر بـە پڕۆفیشـناڵی و شـارەزاییەوە کارەکانیـان ئەنجـام داوە.

٣. بەڕێوەبەرایەتـی چاکسـازی لـە وەزارەتـی پێشـمەرگە دامـەزراوە، واتـە دوای ئـەوەی بـە هاوبەشـی لەگـەڵ شـارەزایانی سـەربازیی ئەڵمانـی و ئەمریکـی و بەریتانـی پڕۆژەیەکـی ٣٥ خاڵـی بـۆ چاکسـازی لـە هەمـوو جومگەکانـی هێزەکانـی پێشـمەرگە ئامـادە کـرا، بـەم نزیکانـە ئەفسـەر و کارمەندانـی تیمەکانـی ئـەو بەڕێوەبەرایەتییـە دەسـت بـە جێبەجێکردنـی خـاڵ بـە خاڵـی پڕۆژەکـە دەکـەن.

بەمشـێوەیە لەوەزارەتـی پێشـمەرگە لـە ڕووی پراکتیکییـەوە دەسـتکراوە بـە پڕۆژەیەکـی چاکسـازی

**ئێمە هێزێکی ئاشتیخوازین و ئومێدێکی گەورەمان بە ئاشتی و زمانی دیالۆگ و گفتوگۆ هەیە کە بەپێی ماددەی دەستووری بگەینە ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و بتوانین ئاسایش و ئارامی و ئاشتی بۆ خەڵک دابین بکەین**

**ئەرکی سەرەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکو هێزێکی شەڕکەر پاراستنی خاک و شارو شارۆچکەکانی کوردستان و خەڵک و حکومەتی کوردستانە، لە تیرۆر و کەسانێک کە بەنیاز بن زیان بە هەرێمی کوردستان بگەیەنن**

**پڕۆژەیەکی دیکە بۆ تەرخانکردنی ٣٦٥ ملیۆن دۆلار بۆ پێشمەرگە هەیە لە کۆنگرێس، ئەگەرچی تا ئێستا نەکراوە بە فەرمان و نەبۆتە یاسا لە ئەمریکا، ئومێد دەکەین پەسەند بکرێت و بە هەمان سیستەمی ئێستا بدرێتەوە بە هێزەکانی پێشمەرگە کە لەم دۆخی قەیرانەدا هاوکارییەکی باشە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە**

**ڕێگری و ئاستەنگدانان لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەی پێشمەرگە هەیەو تا ئێستاش بەردەوامەو هیچ مافێکی پێشمەرگە وەکو هێزێکی سیادی لەعێراق بۆ تەرخان نەکراوە، لەکاتێکدا بەپێی یاساکانی ئەوان بێت، هەرێمی کوردستان خاکەکەی بەشێکە لە خاکی عێراق و لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەپارێزرێت، کەچی ئەوان ئامادە نین بە یاسا فیدراڵی و سەروەرییەکانی خۆشیان مامەڵەمان لەگەڵ بکەن**

**سوپا و هێزەکانی پێشمەرگە دەبێت لە دەرەوەی سەنتەری شارەکان بن، چونکە لە زۆربەی ناوچەکان پۆلیس ئەرکی پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان دەگرێتە ئەستۆ و تەنانەت پۆلیسەکانیش زۆربەیان سەر بە پارێزگای نەینەوان و میلاکاتی وەزارەتی ناوخۆی عێراقن، ئیتر بۆچی لە زومار و تلکێف و شێخان و باشیك و شنگال سوپای عێراق بڵاوەی پێ بکرێت**

هەر لە پێداچوونەوە بە هەیکەل و میلاکات و ژمارەی کەمئەندامانەوە، تاوەکو جێبەجێکردنی خاڵ بە خاڵی پرۆژەی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیی وەزارەت.

*** وەك باس دەکرێت لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر بەردەوام کۆبوونەوە لەنێوان وەزارەتی پێشمەرگە و هێزەکانی عێراق بوونی هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت هەست بە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ناکرێت کە جۆرێك لە ڕێککەوتن لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق هاتبێتەئاراوە، ئایا کۆبوونەوەکانتان بەردەوامن و تا ئێستا بە کوێ گەیشتووە؟**

- لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/١٠/٢٩ تاکو ٢٠١٧/١١/٣ شاندێکی باڵای وەزارەتی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی بەڕێز کەریم شنگالی وەزیری پێشمەرگە (بەوەکالەت) و کۆمەڵێك فەرماندەی باڵای پێشمەرگە کە بەندەشیان لەگەڵدا بووم، سێ کۆبوونەوەمان لە شاری موسڵ لەگەڵ شاندی باڵای وەزارەتی بەرگری عێراق ئەنجام داوە. لەو کۆبوونەوانەدا گفتوگۆ کرا لەسەر چەند خاڵێك، لەوانە: بڵاوبوونەوەی هێزەکانی حکومەتی عێراق لە هەندێك ناوچە بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە هێشتا سوپای عێراق پێشڕەوییان بۆ نەکردبوو کە ڕووبەڕووبوونەوەی تێدا ڕووی دا، وەکو ناوچەکانی گوێر و دیبەگە و شێخان، دیارە گفتوگۆکان لەبارەی ئەوە بوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگر نییە لەوەی وەکو پێش ٢٠١٤ بە هاوبەشی لەنێوان هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای عێراق لەو ناوچانە ئیدارەی ئاسایش و بەرگری ئەو ناوچانە لەئەستۆ بگرن، بەڵام لەسەر جۆری ئیدارەی ئەمنی لەگەڵ حکومەتی عێراق ناکۆك بووین و بیرۆکەی جیامان هەبوو، تەنانەت لەسەر جۆری ئەو هێزە چەکدارانەی عێراق کە بڕیارە لەو ناوچانە بڵاوەیان پێ بکرێت، ڕاوبۆچوونی جیاوازمان هەبوو، ئەوان دەیانویست هێزەکانی سوپاو حەشدی شەعبی و پۆلیسی فیدڕاڵی و هێزەکانی دژەتیرۆر لەو ناوچانە بڵاوەیان پێ بکرێت، لە کاتێکدا ئێمە پێمانوابوو تەنیا سوپای عێراق بوونی هەبێت. هەروەها ئێمە ڕاوبۆچوونمان جیاواز بوو لەسەر ئەو ناوچانەی سوپا و هێزەکانی پێشمەرگەی تێدا بڵاودەبێتەوە، سوپا و هێزەکانی پێشمەرگە دەبێت لە دەرەوەی سەنتەری شارەکان بن، چونکە لە زۆربەی ناوچەکان پۆلیس ئەرکی پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان دەگرێتە ئەستۆ و تەنانەت پۆلیسەکانیش زۆربەیان سەر بە پارێزگای نەینەوان و میلاکاتی وەزارەتی ناوخۆی عێراقن، ئیتر بۆچی لە زومار و تلکێف و شێخان و باشیك و شنگال سوپای عێراق بڵاوەی پێ بکرێت؟ مەسەلەی دەروازە سنوورییەکان و قەبارەو ژمارەی هێزەکانی سوپای عێراقیش بابەتێکی تری ناکۆکییەکانی نێوانمان بوو، ناکرێت دەروازە بازرگانییەکان کە تایبەتمەندە بە ڕێڕەوی بازرگانی و هاتوچۆی هاووڵاتیان و گەشتیاران، سوپا و هێزی پێشمەرگەش تێدا جێگیر بکرێت، ئەمە کاری وەزارەتی ناوخۆ و داراییە کە پێکەوە کاری ئەم دەروازانە ڕێکبخەنەوە. هەرچۆنێك بێت، ئێمە لەگەڵ شاندی وەزارەتی بەرگری عێراقدا نەگەیشتینە ڕێککەوتنی کۆتایی، بەتایبەتی لەسەر ئەو ٧ خاڵەی ئەوان و ٧ خاڵی ئێمە، بەڵکو ڕێکەوتنێکی کاتی کرا لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان هێزەکانی حکومەتی فیدڕاڵ و هێزی پێشمەرگە نەمێنێت.

٢. بەردەوامی بە گفتوگۆکان بدرێت.

٣. کەمکردنەوەی هێزەکانی هەردوو لا لە هێڵی تەماس.

٤. ڕێگا بدرێت بەوەی لێژنە باڵاکانی هەردوو حکومەتی بەغدا و هەولێر دانوستان و گفتوگۆ بکەن لەسەر چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی دیکە.

*** بەپێی دەستووری عێراق دەبێت هێزەکانی پێشمەرگەو سوپای عێراق پێکەوە سەقامگیری و ئاسایشی ناوچە جێ ناکۆکەکان بە کەرکووکیشەوە بپارێزن، ئایا لە کۆبوونەوەکان باستان لەم پرسە کردووە؟ ئایا تا چ ڕادەیەك تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ دووبارە بڵاوکردنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوبەشی لەگەڵ سوپای عێراق لەو ناوچانە هەیە؟**

- دەستوور هیچ ئاماژەیەکی تەواوی بە بابەتی بوونی هێزی هاوبەش لەناوچە جێ ناکۆکەکان نەکردووە، تەنیا لەماددەی ١٤٠ی دەستووردا باس لەوە دەکات ئەم ناوچانە ناوچەی جێ ناکۆکین و دەبێت بە سێ قۆناغ کێشەکەیان چارەسەر بێت، ئەویش قۆناغەکانی ئاساییبوونەوەو گەڕانەوەی ئاوارەکان و گەڕانەوەی ئەو کەسانەی هێنراون لەناوچەکانی ترەوە بۆ ناوچە جێ ناکۆکەکان بۆ ئەوەی لە قۆناغی دووەمدا ئامارێکی ڕاست و دروستی دانیشتووان و پێکهاتەکان دەست بکەوێت، تاوەکو لەدوا قۆناغدا لە ڕاپرسییەکدا بە خەڵکەکە بوترێت ئارەزوویان هەیە لەگەڵ ئیدارەی هەرێمدا بن، یاخود لەگەڵ ئیدارەی فیدڕاڵی عێراقدا دەبن.

بەداخەوە دەبووایە ئەم ماددەیە تاکو ٢٠٠٧ جێبەجێ بکرایە، کەچی ئەوەتا دوای تێپەڕبوونی ١٠ ساڵ بەسەر ئەو وادەیەدا کەچی هێشتا ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکراوە.

*** حەیدەر عەبادی لەو ماوەیەدا چەندین جار ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە هێزی پێشمەرگە بەشێکە لە سیستمی بەرگری عێراق و ئامادەن مووچەی پێشمەرگە بدەن، ئایا پرسی مووچەی پێشمەرگە وەك بەشێك لەبودجەی سیادی عێراق، پێویستی بە ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا هەیە، یان ڕاستەوخۆ دەکرێت بەغدا خۆی ئەم پرسە چارەسەر بکات؟**

- دۆسێی بودجەی پێشمەرگە وەکو زۆر دۆسێی تری نێوان هەرێم و بەغدا یەکێکە لە کێشە هەڵپەسێردراوەکان، لە ساڵی ٢٠٠٦دا و بەپێی فەرمانێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و فەرمانێکی حکومەتی عێراقی، لیژنەیەکی هاوبەش دروست بوو لە نێوان وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی پێشمەرگەو فەرماندەیی هێزە فرەڕەگەزەکان بۆ ئەوەی بە پێی بڕگەی ٥ لە ماددەی ١٢١ی دەستوور بۆ ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ببنە پاسەوانی هەرێمی کوردستان. ئەوە بوو ئێمە ٨ مانگ کارمان کرد بۆ گەڵاڵەکردنی چەند ڕاسپاردەیەك و دواتر ٨ ڕاسپاردەمان ئامادە کردو دامانە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام بەداخەوە لەئەنجومەنی وەزیران ئەم پرۆژەیەیان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران بەرزنەکردەوە، تاوەکو ببێتە یاسا. ئەگەر ئەمە لە پەرلەمان بکرایە بە یاسا، ئێستا وەکو وەزارەتی بەرگری و حەشدی شەعبی بودجەکەی لە خەرجی سیادی بۆ دیاری دەکرا. هەڵبەتە ڕێگری و ئاستەنگدانان لەسەر یەکلاکردنەوەی کێشەی پێشمەرگە هەیەو تا ئێستاش بەردەوامەو هیچ مافێکی پێشمەرگە وەکو هێزێکی سیادی لەعێراق بۆ تەرخان نەکراوە، لەکاتێکدا بەپێی یاساکانی ئەوان بێت، هەرێمی کوردستان خاکەکەی بەشێکە لە خاکی عێراق و لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەپارێزرێت، کەچی ئەوان ئامادە نین بە یاسا فیدراڵی و سەروەرییەکانی خۆشیان مامەڵەمان لەگەڵ بکەن. ئێستا لە دانوستانەکاندا ئێمەش وەکو وەزارەتی پێشمەرگە بووینەتە بەشێك لە لیژنەی باڵای دانوستانەکان- ئەگەر هاتوو دەستیان بە گفتوگۆکان کردەوە-، دۆسێی پێشمەرگەمان بەپێی دەستوور ئامادە کردووەو لەگەڵ ئەندامانی تری لیژنەی دانوستان لە گفتوگۆداین بۆ ئەوەی مافەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەربگرین.

*** هەر سەبارەت بە هاوکاریی دارایی بۆ پێشمەرگە باس لەوە دەکرێت کە ئەمریکا ئەمسالیش بڕێك پارەی بۆ پێشمەرگە دابین کردووە، ئایا ئێوە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە سەبارەت بەم هاوکارییەی ئەمریکا بۆ پێشمەرگە چی دەڵێن؟**

- بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان وەزارەتی پێشمەرگە و پەنتاگۆن، ئەمریکا ٤١٥ ملیۆن دۆلاری وەك هاوکاری بۆ وەزارەتی پێشمەرگە تەرخان کرد. کە بەشێکی ئەو هاوکارییە مانگانە دەگۆڕدرا بۆ دینار و تەحویلی بانکی کوردستانیان دەکرد بۆ سەر حیسابی وەزارەتی پێشمەرگە، واتە هەموو مانگێك نزیکەی ٢٦ ملیار دینار تەحویلی وەزارەت دەکرا، کە نزیکەی ساڵێك و چەند مانگێکە ئەم پارەیە ڕەوانەی وەزارەت دەکرێت. ئەو پارەیەش تەرخانکرا بۆ دابینکردنی مووچەی ٣٦ هەزار پێشمەرگە کە لە بەرەکانی شەڕدا بوون، بڕێکیشی لەلایەن خودی تیمە ئەمریکییەکەوە دادەنرا بۆ کڕینی سووتەمەنی، وەك بەنزین و گاز و کڕینی خواردنی وشکە و دەیاندایە وەزارەتی پێشمەرگە بۆ دابینکردنی خواردنی ئەو ٣٦ هەزار پێشمەرگەیەی لە بەرەکانی شەڕدان. ئێستا ئەو پارەیە لەکۆتاییدایەو نامێنێت، بەڵام پرۆژەیەکی دیکە بۆ تەرخانکردنی ٣٦٥ ملیۆن دۆلار بۆ پێشمەرگە هەیە لە کۆنگرێس، ئەگەرچی تا ئێستا نەکراوە بە فەرمان و نەبۆتە یاسا لە ئەمریکا، ئومێد دەکەین پەسەند بکرێت و بە هەمان سیستەمی ئێستا بدرێتەوە بە هێزەکانی پێشمەرگە کە لەم دۆخی قەیرانەدا هاوکارییەکی باشە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە.

*** لە ئێستادا تاچەند پێشمەرگە ئامادەباشی هەیە بۆ بەرگریکردن لە کوردستان، ئەگەر خوانەخواستە ناچار کرا بەهێز بەرگری لە کوردستان بکات؟**

- ئەرکی سەرەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکو هێزێکی شەڕکەر پاراستنی خاك و شارو شارۆچکەکانی کوردستان و خەڵك و حکومەتی کوردستانە، لە تیرۆر و کەسانێك کە بەنیاز بن زیان بە هەرێمی کوردستان بگەیەنن، لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە هێزێکی ئاشتیخوازین و ئومێدێکی گەورەمان بە ئاشتی و زمانی دیالۆگ و گفتوگۆ هەیە کە بەپێی ماددەی دەستووری بگەینە ڕێککەوتنێك لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق و بتوانین ئاسایش و ئارامی و ئاشتی بۆ خەڵك دابین بکەین.

**لێژنەیەکی وەزارەت سەرقاڵی پێداچوونەوەیە بە پشکنینی تەندروستی پێشمەرگە کەمئەندامەکان، کە ژمارەیان ٨٤٠٠ پێشمەرگەی کەمئەندامە و تا ئێستا لە پشکنینی تەندروستی ٣٤٠٠ کەسدا ١٣٠٠ کەسیان لەو پشکنینە دەرنەچوون، واتە کەمئەندام نەبوون و کەسی ساغ بوون. ئەم لێژنە پزیشکییەش زۆر بە پرۆفیشناڵی و شارەزاییەوە کارەکانیان ئەنجام داوە**

**لە ڕێگەی لێژنەیەکەوە پێداچوونەوە بە پێکهاتەی هەیکەلی دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە و کەمکردنەوەی میلاکات کراوە، وە نەبێت ئەوەی زیادە دەستبەرداری بین، بەڵکو دەیگوازینەوە بۆ یەکە شەڕکەرەکانی سەر بە لیواکانی پیادە**

**کوردستان یەک ملیۆن و ٤٠٠ هەزار مووچەخۆری هەیە، منیش لەگەڵ ئەوەدام ژمارەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی کوردستان زۆرە**


الی بیت المقدس
اسرائیل
باید از صفحه روزگار محو شود
ld be wiped off the
of the world

# هەڕەشە ئەختەبوتیەکانی ئێران پێویستی بە کورتکردنەوەی هەموو پەلەکانی هەیە

## ڕێککەوتنی (٥+١) ی ئەتۆمی
## کارە تیرۆریستیەکانی میلیشیا وەکیلەکانی
## سوپای پاسداران پەردەپۆش ناکات



**لەبری ئەوەی ئیحتواکردنی هەڕەشەکانی سوپای پاسداران و وەکیلەکانی لەگەڵ حکومەتی ئێران یەکلایی بکرێتەوە، ئەوا دەکرێت لە چوارچێوەی یەک ستراتیژی گشتگیردا، بەشێوەی نەرم و دیالۆگ لەگەڵ حکومەتی ئێران قسە بکرێت، بە ڕێگەی سزا و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیش مامەڵە لەگەڵ هەڕەشە و مەترسییەکانی سوپای پاسداران و وەکیلەکانی بکرێت**

**دەبێت سوپای ئەمریکا مەسجێکی زۆر ڕاشکاوانە بداتە ئێران بەوەی هەر چالاکییەکی هێزەکانی ئێران ببێتە هۆکاری ئاستەنگ دروستکردن لە بەندەری بابولمەندەب لە یەمەن، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی بەرپەرچدانەوەی ئەمریکا دەبنەوە**

**دەبێت هەموو ڕەفتارێکی ناجۆر و ناسەقامگیری سوپای پاسداران و وەکیلەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پوچەڵ بکرێتەوە و ڕیسوا بکرێن و بە ئاشکرا و بە ڕێگەی میدیا بخرێنەڕوو بۆ ئەوەی ئێران لەسەر ئاستی جیهان گۆشەگیر و ئیحراج بکرێت**

عەلی خامنەئی ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران سەبارەت بە ڕێککەوتنی (٥+١) بۆ ڕێگرتن لە گەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی، ڕاشکاوانە ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئەم ڕێککەوتنەی نێوان ئێران و هەر شەش دەوڵەتی (ئەمریکا، ڕووسیا، بەریتانیا، فەرەنسا، چین و ئەڵمانیا) ڕێککەوتنێکە لە نێوان حکومەتی ئێران و ئەو وڵاتانە، نەک ڕێککەوتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. ئەم قسەیەی خامنەئی بە جیاکردنەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ حکومەتی ئێران، زیاتر لە خوێندنەوەو مانا لێکدانەوەیەک هەڵدەگرێت و ڕاشکاوانە ئەو پەیامە بە جیهان ڕادەگەیەنێت، کە لەناو کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بێجگە لە حکومەت دەسەڵاتێکی دیکەش لە سەرووی دەسەڵاتی حکومەتەوە هەیە، کە دەسەڵاتی سوپای پاسدارانە و ڕاستەوخۆ سەر بە ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامییە، هەروەها بەرنامەیەک لەدەرەوەی بەرنامەی دەوڵەت لە سەرووی دەسەڵاتی حکومەتەوە هەیە، کە ئەویش بەرنامەی هەناردەکردنی شۆڕشە بۆ دەرەوە و ئامانجی سەرەکیی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ یە، ئەم بەرنامەیەش ڕاستەوخۆ ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی پیادەی دەکات و حکومەتی ئێران دەسەڵاتی بەسەریدا نییە، هەر ئەمەش وایکردووە کە هەڵوێستی حکومەتی ئێران و ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەسەر ڕێککەوتنی (٥+١) لێک دوور و جیاوازبن، بۆیە دەبینین لە کاتێکدا کە حکومەتی ئێران تا ڕادەیەکی زۆر پابەندبوونی خۆی بەو ڕێککەوتنەوە سەلماندووە، بەڵام کە باس هاتە سەر سنووردارکردنی هەڕەشەکانی سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا خامنەئی وەک ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی ئێران، هەڕەشەی هەڵوەشانەوەی ئەو ڕێککەوتنە دەکات.

ئەم ئیزدواجیەتی دەسەڵاتەی نێوان دەوڵەت و سوپای پاسداران لە ئێراندا، جیهان و ئەمریکای خاندۆتە گۆشەیەکەوە کە نەتوانرێت ستراتیژیەتێکی تەواو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران وەک دەوڵەت پیادە بکرێت، ئەوەشی بارودۆخەکەی ترسناکتر کردووە، ئەوەیە کە ئەم مۆدێلی ئیزدواجیەتەی نێوان دەوڵەت و میلیشیای چەکداری، بەتەواوەتی بۆتە شێوازی حوکمڕانی لەو دەوڵەتانەی کە ئێران لە ڕێگەی سوپای پاسدارانەوە وەک ئەختەبوت پەلی بۆ هاویشتووە، ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە جیهان نەتوانێت لەگەڵ دەوڵەتانی وەک (سووریا، عێراق، لوبنان، بەحرێن، یەمەن، ئەفغانستان و تەنانەت پاکستانیش) وەک دەوڵەت مامەڵە بکات. ڕاشکاوانەتر لەبەر ئەوەی لەم دەوڵەتانە دەسەڵاتی میلیشیاکانی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران هاوتەریب و زیاترە لە دەسەڵاتی دەوڵەت، ئەوا هەر ڕێککەوتنێک، یان پرۆگرام و ستراتیژێک لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە پیادە بکرێت، سەرەنجام دەبنە ستراتیژ و پرۆگرامێکی بێ ئاکام. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم حاڵەتانە بەچەند خاڵێک ئاماژەیان پێدەکەین:

١. لە هەرێمی کوردستاندا هەموو ئامانجی بەڕێز مسعود بارزانی ئەوە بوو کە لە کوردستاندا یەک دەسەڵات و یەک بڕیار هەبێت، لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام، سەرۆک بارزانی بە هاوکاریی مام جەلال توانییان ئەم یەک بڕیاری و یەک دەسەڵاتییە لەچوارچێوەی دەستووری عێراقدا بچەسپێنن و هەرێمی کوردستان وەک یەک جوگرافیا و یەک دەسەڵات و یەک بڕیار لەگەڵ بەغدا و تەواوی دەوڵەتانی دراوسێ بە ئێرانیشەوە مامەڵە بکات، بەڵام دوای ئەوەی لە کابینەی دووەمی نوری مالیکی -یەوە، عێراق بووە کۆپییەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئیدی مەترسی دروستکردنی هێزێک بە هاوتەریبی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە دەستی پێکرا، ئەم هەوڵەش دوولایەنە بوو، لەلایەک ڕاستەوخۆ هێزی قودسی سوپای پاسداران لەگەڵ هێزەکانی زۆنی سەوز و نیلی کەوتە پەیوەندی ڕاستەوخۆ، لەلایەکی دیکە لەلایەن کوتلە پەرلەمانییە پرۆئێرانییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق کەوتنە کەرتکردنی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و تێکدانی یەکڕیزیی نیومالّی کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا، بۆ گێڕانەوەی ئەم یەکڕیزی و یەکدەسەڵاتییە، سەرۆک بارزانی و بەشی هەرە زۆری سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە دەوڵەت تەنیا ڕێگەیە بۆ ئەوەی یەکڕیزی و یەکدەسەڵاتی و یەک بڕیاری بۆ هەرێمی کوردستان بگێڕێتەوە. بێگومان سوپای پاسداران هێندەی دژی یەک دەسەڵاتی و یەک بڕیاریی هەرێمی کوردستان بوو، هێندە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نەبوو، بۆیە کاتێک ڕیفراندۆم تا ڕادەیەکی

زۆر زەمینەی بۆ ئەو یەکریزی و یەکدەسەڵاتی و یەك بڕیارییە رەخساند، سوپای پاسداران و شەخسی قاسم سولەیمانی خۆی کەوتە دارشتنی پلانێك بۆ ئەوەی هێزێك بە هاوتای دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات و لە ژێر پەردەی دژایەتی ریفراندۆمدا ئەو هێزەی کردە وەکیلی خۆی لە کوردستاندا، بەمەش حاڵەتێکی هێندە خراپ و ئاڵۆزی لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا دروستکردووە کە نەك هەر حزبە سیاسییەکان ناتوانن پێکەوە بگەنە بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و تێپەڕاندنی ئەم قۆناخە، بەڵکو هەندێك هێز و لایەنی سیاسی وەك وەکیلی قاسم سولەیمانی کار بۆ سڕینەوەی وجوودی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن.

٢. ئێستا لە عێراقدا بە حیساب د.حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، بەڵام لەناو دەوڵەتی عێراقدا دەسەڵاتێکی باڵاتر بوونی هەیە کە ئەویش دەسەڵاتی ئەبو مەهدی موهەندیسە کە وەکیلی سوپای پاسدارانە لە عێراقدا، هەر بۆ نموونە مانگی رابردوو سەرۆك وەزیرانی عێراق بە ئامادەبوونی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ریازی پایتەختی سعودیە لەسەر دامەزراندنی ئەنجومەنێکی هاریکاریی هاوبەش ریککەوتن، هەروەها هەر لەو کۆبوونەوەیە ریکس تیلرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا داوای لە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق کرد کە میلیشیا پرۆئێرانییەکانی حەشدی شەعبی چەك بکات و دووریان بخاتەوە.

ئەگەر سەیری هەڵوێستی ئەبو مەهدی موهەندیس و فەرماندەکانی دیکەی میلیشیا پرۆئێرانییەکانی حەشدی شەعبی بکەین بەرامبەر بە سعودیە و هەروەها بەرامبەر بە چەکداماڵینی میلیشیا پرۆئێرانییەکان، ئەوا هەموو لایەك لێدوانەکەی ئەبو مەهدی موهەندیسی لە تارانەوە گوێ لێبووە کە گوتی: حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانیش داوابکات، حەشدی شەعبی نەمێنێت، ئەوا حەشدی شەعبی هەر دەمێنێت، لەمەش زیاتر قەیس خەزعەلی، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (ریکس تیلرسۆن)ی بە گەمژە وەسف کرد کە ئەو داوایە ئاراستەی عێراق دەکات و زیاد لەمەش هەروەك تەحەددایەك بۆ داواکەی ئەمریکا، ئاڵای ئەمریکای خستە ژێر پێی و بەسەریدا رۆیشت.

لەبەرامبەر سعودیەشدا، ئەو فەرماندەیانەی حەشدی پرۆئێرانی، بە هەمان شێوەی فەرماندەکانی سوپای پاسداران لێدوانی ئاگرین دژی سعودیە دەدەن، هەر بۆ نموونە جەلالەدین سەغیری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی عێراق داوای ئەوە دەکات سعودیە لەسەر نەخشە بسڕێتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە چۆن لە تاران سەرۆك کۆمار حەسەن رۆحانی دەسەڵاتی بەسەر سوپای پاسداراندا نییە، بەهەمان شێوە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانیش لە عێراقدا دەسەڵاتی بەسەر میلیشیا پرۆئێرانییەکانی حەشدی شەعبیی سەر بە سوپای پاسداراندا نییە، هەر بۆیە ئەگەر بارودۆخی عێراق هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەوا هەر دەوڵەتێك ریککەوتن لەگەڵ حکومەتی عێراق ئیمزا بکات، یان هەتا ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی دەستوور دەست بە دانوستاندن لەگەڵ حکومەتی عێراق بکات و تەنانەت بگەنە ریککەوتنیش، ئەوا ئەو ریککەوتنانە هیچ ئیعتوبارێکی نابێت، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتێکی باڵاتر لە دەسەڵاتی حکومەت لە عێراقدا بوونی هەیە.

٣. لە سووریای ژێر دەسەڵاتی رژێمی بەشار ئەسەد، ئێستا بارودۆخەکە بەو شێوەیە کە رۆژی ١١ی نۆڤبەری رابردوو هەر دوو سەرۆك (ترەمپ و پۆتین) لە شاری (دا نانگی) ڤێتنام لەسەری ریککەوتن، بەوەی کە بە هیچ شێوەیەك رووسیا و ئەمریکا لەناو سووریا لەسەر هیچ پرسێك رووبەڕووی یەکتری نەبنەوە و پێکەوە هەوڵەکان چڕبکرێنەوە بۆ ئەوەی قۆناخی خۆدوورخستنەوە لە هەڵکشانی کێشەکان بگۆڕن بۆ قۆناخی دوورخستنەوەی کێشەکان و جێبەجێکردنی بڕیاری ٢٢٥٤ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و گەیشتن بە قۆناخی راگواستنی دەسەڵات لە سووریا و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازادو عادیلانە بە بەشداری هەموو سوورییەکان و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و دیاسبورای سووری لە هەندەران، بەڵام لەبەرامبەردا ئێرانیش پلانێکی چوار خاڵی بۆ ئایندەی سووریا هەیە کە بریتین لە: (١- راگرتنی دەستبەجێی شەڕ ٢- پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتووی نیشتمانی ٣- هەموارکردنەوەی دەستوور ٤– چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان)، ئەگەر سەرنج لە پلانەکەی ئێران و بڕیاری ٢٢٥٤ی ئەنجومەنی

**پێویستە ئەمریکا پابەند بێت بە ریککەوتنە ئەتۆمییەکە و لەگەڵ ئێراندا بەشداری بکات بۆ جێبەجێکردنی، هەروەها پێویستە لەبەرامبەر ئەو هەڕەشانەشی سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستیان کردووە، دەبێت سیاسەتێکی توند بگرێتە بەر و جیا لەوەی دەبێت نفووزێکی کاریگەری سەربازی لە ناوچەکەدا بوونی هەبێت، لە هەمانکاتدا دەبێت بژارەی سەربازیش بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی سوپای پاسداران و وەکیلەکانیشی، یەکێک بێت لەو بژارانەی هەمیشە لەبەردەست بێت و هەر کاتێک پێویست بوو پەنای بۆ ببردرێت**

**کێشەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێراندا ئەوە بووە کە تا ئێستا وەک دەوڵەتێکی هاوچەرخ مامەڵەی لەگەڵ ئێراندا کردووەو ئیعتوباری بۆ دەوڵەتە ئیسلامییەکە لەناو دەوڵەتە هاوچەرخەکە دانەناوە، بۆیە سوپای پاسداران لەماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵی رابردوودا ئەوەی مەبەستی بووە بە سەرکەتوویی ئەنجامیداوە و لەمیانەی شەڕی دژی داعشیشدا، توانیویەتی بەتەواوەتی عێراق و سووریا بکاتە ناوچەی باڵادەستی نفووزی خۆی و هەموو دەستکەوتەکانی شەڕی دژی داعش بۆ خۆی کۆبکاتەوە**

**چۆن ئیسلامی سوننە بۆ دامەزراندنی خەلافەت هەموو شتێکی حەلاڵ کردووە و بە هەمان شێوە سوپای پاسدارانیش بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی هەموو شتێکی پیرۆز کردووە، ئەم جۆرە سوپایە، ئەوجا سوپای خەلافەت، بێت یان سوپای پاسداران، کاری بە یاسای نێودەوڵەتی بۆ سوپای دەوڵەتی هاوچەرخ نییە، بەڵکو ئەو وەک سوپایەکی ئیسلامی بەپێی تێگەیشتنی مەزهەبەکەی بۆ شەریعەتی ئیسلامی کاری خۆی بەڕێوە دەبات**

**هەیکەل و ڕێکخستنی سوپای پاسداران بە هەموو شێوەیەک لە هەیکەڵ و ڕێکخستنی هەموو سوپاکانی هەر ١٩٣ دەوڵەتەکەی ئێستای جیهان جیاوازە و ڕەچاوی هیچ پرانسیپێکی سوپاکانی جیهانی ناکات و ناشتوانرێت لەگەڵ هیچ سوپایەکی دیکەی دەوڵەتانی جیهان بەراورد بکرێت، وەک لەناوەکەشیدا ڕاشکاوانە هاتووە، ئەم سوپایە پارێزەری شۆڕشی ئیسلامی شیعەیە، نەک دەوڵەتی ئێران، بۆیە لەهەر شوێنێک شیعە هەبێت، ئەم سوپایە نەک هەر خۆی بە بەشێک لەپارێزەری ئەو شیعانە دەزانێت، بەڵکو شیعەی شوێنە جیاوازەکان دەکاتە بەشێک لەم سوپایە**

ئاسایش و بەیاننامەی جنیف بدەین و بەراوردیان بکەین، دەبینین پلانەکەی ئێران، بەشار ئەسەد بە بەهێزی و بێ ڕکابەر لە دەسەڵاتدا دەهێڵێتەوە بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی میلیشیاکانی سوپای پاسداران و میلیشیاکانی حزبوڵا لە سووریادا، بەمەش نەک سووریا وەك دەوڵەت بوونی نامێنێت، بەڵکو بە کردەیی دەبێتە کۆلۆنیاڵییەکی ئێرانی و بەشار ئەسەدیش بەرنامەکانی سوپای پاسداران جێبەجێ دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە جارێکی دیکە سنووری نێودەوڵەتی نێوان عێراق و سووریا بە کردەیی بۆ میلیشیا پرۆئێرانییەکانی سوپای پاسدران نەماوە، ئەو میلیشیایانەی ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر هێرشیان کردە سەر کەرکووك، لەچەند ڕۆژی ڕابردوو لە شاری ئەبوکەمالی سووریا هاوشانی قاسم سولەیمانی لە ناو خاکی سووریا بوون، هەروەها دەوڵەتی سووریا لەساڵی ١٩٦٧وە تا ساڵی ٢٠١٥ هیچ هەڕەشەیەکی لەبەرزاییەکانی جۆلانەوە بۆ ئیسرائیل دروست نەکردووە، بەڵام لەم یەك دوو ساڵەی دوایی بەگشتی و لە ئێستادا، میلیشیاکانی سوپای پاسداران و میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی لەناو خاکی سووریاوە لە سنووری بەرزاییەکانی جۆلان جێگیر کراون و هەڕەشەی ئازادکردنەوەی ئەو بەرزاییانە دەکەن، جووڵەی ئەم میلیشیایانەش لەسەرووی دەسەڵاتی دەوڵەتی سووریاوەیە و بە فەرمانی سوپای پاسداران و شەخسی قاسم سولەیمانی جووڵەیان پێدەکرێت.

٤. لە لوبنان بارودۆخە تا ڕادەیەکی زۆر لە عێراق و سووریا جیاوازە، لەبەر ئەوەی لوبنان وەك حکومەت خۆی بە هاوپەیمانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و تەواوی دەوڵەتانی عەرەبی دەزانێت، بەڵام لوبنان وەك حزبوڵا، ئیمارەتێکی کۆپیکراوی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. سەیر لەوەدایە سوپای پاسداران ساڵانە زیاتر لە ٨٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ هێزەکانی حزبوڵای لوبنانی خەرج دەکات، گەنجینەکانی میلیشیاکانی حزبوڵا، پڕکراون لە چەك و ڕۆکێتی ئێرانی، لەبەرامبەردا ئەمریکا ساڵانە بڕی یەك ملیار دۆلار هاوکاری سوپای نیشتمانی لوبنان دەکات، بەڵام ئەم سوپایە نە توانای بڕیاردانی شەڕی هەیە، نە توانای چەسپاندنی ئاشتیشی هەیە، هەروەها هەموو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و عەرەبی پەیوەندییەکی زۆر باشیان لەگەڵ حکومەتی لوبنان هەیە، بەڵام لەبەرامبەردا هەموویان میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی بە تیرۆریست دەزانن، ئەمەش حاڵەتێکی سەیری بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروستکردووە، بەوەی ئایا دەتوانرێت لەگەڵ لوبنان وەك دەوڵەت ڕێککەوتن بکرێت بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ حزبوڵا دابنرێت، یان دەبێت گوێ بە سەروەریی لوبنان نەدرێت و ئیمارەتەکەی حزبوڵا لە باشووری لوبنان بڕوخێندرێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە ئاستێك قورسە کە نەك هەر پێویستی بە پێناسەکردنەوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان هەیە، بەڵکو پێویستی بە دووبارە داڕشتنەوەی سیستمی جیهانیش هەیە.

٥. فەلەستین کە بە کردەیی ئێستا وەك دەوڵەت و کیانێکی سیاسی لەسەر نەخشەی سیاسی بوونی نەماوە، هۆکارە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە بە هاوشانی دەسەڵاتی نیشتمانیی فەڵەستین کە لەسەر ئاستی جیهان وەك نوێنەری ڕاستەقینەی کیان و گەلی فەلەستین لە ڕامەڵاوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، ئێستا دەسەڵاتێکی باڵاتر لەو دەسەڵاتە هەیە کە دەسەڵاتی میلیشیاکانی (حەماس)ـە لە کەرتی غەزە و سوپای پاسداران هەڵیدەسووڕێنێت، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری ئەوەی چارەسەری دوو دەوڵەت بەپێی ڕێککەوتنی ئۆسلۆی ١٩٩٣ ببێتە مەرەکەبی سەر کاغەز و لەمەش زیاتر گەیشتۆتە ئەوەی نەتانیاهۆی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل لە ٢٠١٥ بە ئاشکرا بڵێت: «ئیسرائیل هەرگیز ڕێگە نادات دەوڵەتی فەڵەستین دابمەزرێت، لانیکەم هەتا من لە ژیاندا بم.» توندبوونی ئیسرائیل لە ڕێگریکردن لە چارەسەری (دوو دەوڵەت) هۆکارەکەی ئەوەیە، ئەو دەوڵەتەی لەسەر دەستی (حەماس) لە سەر خاکی فەڵەستین دادەمەزرێت، نابێتە دەوڵەتێك بۆ پێکهێنانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا، بەڵکو دەبێتە کۆپیەکی کۆماری ئیسلامی لە ناو دڵی ئیسرائیلدا.

٦. لە یەمەن هێزی ئەنساروڵای حوسی لەگەڵ ئەوەی لەگەڵ سوپای پاسداراندا لەستراتیژیەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی شیعە یەك ناگرنەوە، بەڵام سوپای پاسداران بە ڕێگەی بە قاچاخبردنی چەك لە ڕێگەی دەریایی و ناردنی ڕاویژکارە میلیشیاکانی حزوبوڵا گەورەترین کێشەی بۆ چارەسەری سیاسییانەی ئەو وڵاتە دروستکردووە کە تیایدا حوسییەکان کەمینیەکن کە هەرگیز ناتوانن لە ژینگەیەکی ئاشتی و دیموکراتییانەدا دەسەڵاتی



سیاسی بگرنەدەست، بەڵام بە پشتگیریی سوپای پاسداران ئێستا حوسییەکانی یەمەن هەڕەشە لە سعودیە و ئیمارات دەکەن، زۆر زەحمەتیشە جارێکی دیکە یەمەن ببێتەوە بەو دەوڵەتەی کە وەك هاوسێیەکی باش لەگەڵ سعودیە ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە بپارێزێت.

٧. دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو کە بریتین لە (عومان، سعودیە، قەتەر، بەحرێن، ئیمارات و کوێت)، ئێستا بەهۆی دەستێوەردانەکانی سوپای پاسدارانەوە بە کردەیی ئەم ئەنجومەنە نەماوەو بۆتە سێ پارچە، لەمەش زیاتر بەهۆی کارە ناسەقامگیرییەکانی ئەو میلیشیا چەکدارانەی لەلایەن سوپای پاسدارانەوە پشتگیرییان لێدەکردێت، ئێستا ئاسایش و سەقامگیری (سعودیە، ئیمارات، بەحرێن و کوێت) لە ژێر مەترسیی جددیدایە، قەتەر لە ژێر گەمارۆی سعودیە و ئیمارات و بەحرێنە، دەوڵەتی کوێت کە هەوڵیدەدا ڕۆڵی ناوبژیوان لە نێوان قەتەر و سعودیە بگێڕێت، ئێستا خۆی کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی ناسەقامگیری میلیشیاکانی سوپای پاسدرانەوە، بۆیە لەبری ئەوەی پێشبینی و مەزندەی ئەوە بکرێت، دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو بتوانن کێشەکانی خۆیان چارەسەر بکەن، ئێستا مەترسی ئەوە هەیە کە ئەو ئەنجومەنە لەبەریەك هەڵبوەشێت.

هەر بۆیە ئەگەر وەك یەك دیمەن سەیری تەواوی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، دەبینین تەواوی ناسەقامگیرییەکانی ناوچەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سوپای پاسدارانی ئێرانەوە هەیە، ئەم دامەزراوەیە وەك ئەختەبوت هەر پەلێکی لەوڵاتێکدا ناسەقامگیری دروست دەکات، بۆیە ئەگەر هەموو پەلەکان کورت نەکرێنەوە، ئەوا مەحاڵە سەقامگیری بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەڕێتەوە.

## ● سوپای پاسداران بۆتە فاکتەری ناسەقامگیری و بە زمانی دیپلۆماتی ناتوانرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت

ئەگەر فەلسەفەی (کۆماری ئیسلامی) لە تەفسیری شیعەی ئێراندا بۆ ویلایەتی فەقیه، هاوتاو هاومانای گێڕانەوەی (خەلافەتی ئیسلامی) بێت لای ئیخوان موسلمین و تەیارەکانی سوننەی سەلەفی و تەنانەت قاعیدە و داعشیش، ئەوا لەدوای ڕووخانی خەلافەتی عوسمانی و دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلانەوە، بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان، تەنیا لەگەڵ دەوڵەت وەك

**دەوڵەتی سووریا لەساڵی ١٩٦٧وە تا ساڵی ٢٠١٥ هیچ هەڕەشەیەکی لەبەرزاییەکانی جۆلانەوە بۆ ئیسرائیل دروست نەکردووە، بەڵام لەم یەک دوو ساڵەی دوایی بەگشتی و لە ئێستادا، میلیشیاکانی سوپای پاسداران و میلیشیاکانی حزبوڵای لوبنانی لەناو خاکی سووریاوە لە سنووری بەرزاییەکانی جۆلان جێگیر کراون و هەڕەشەی ئازادکردنەوەی ئەو بەرزاییانە دەکەن، جووڵەی ئەم میلیشیایانەش لەسەرووی دەسەڵاتی دەوڵەتی سووریاوەیە و بە فەرمانی سوپای پاسداران و شەخسی قاسم سولەیمانی جووڵەیان پێدەکرێت**

**ئەو میلیشیایانەی ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەر هێرشیان کردە سەر کەرکووک، لەچەند ڕۆژی ڕابردوو لە شاری ئەبوکەمالی سووریا هاوشانی قاسم سولەیمانی لە ناو خاکی سووریا بوون**

کیانێکی سیاسی مامەڵە دەکرێت، نەك کیانێك بەناوی خەلافەتی ئیسلامی، یان ئەمارەتێك وەك ئەمارەتەکەی تاڵیبان.

دەوڵەت بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکانی کۆمەڵەی گەلان و ئێستای نەتەوە یەکگرتووەکان پێناسەیەکی تایبەتی هەیە و دەبێت ڕێز لە سەروەریی دەوڵەتانی دیکە بگرێت، بەڵام خەلافەت یان سیستمی ویلایەتی فەقیهـ، یەکەمیان بەبیانووی پاراستنی ئوممەی ئیسلامی و دووەمیان بە بیانووی پاراستنی شیعە لە هەر شوێنێکی دنیا بێت، بڕوای بە ڕێزگرتن لە سەروەریی دەوڵەتی دیکە نییە، هەر بۆیە کاتێك دەوڵەتێك دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی خەلافەت، یان کۆماری ئیسلامی، یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکەونە حاڵەتێکی ئیحراجییەوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.

کێشەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ دەوڵەتی ئێران لەدوای دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٧٩وە، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران، پێناسەی دەوڵەتی لەنێوان دەوڵەتی هاوچەرخ و سیستمی ویلایەتی فەقیهـ تێکەڵ کردووە، ڕاشکاوانەتر دەیەوێت لەیەك کاتدا خۆی وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ لەبەر چاوی جیهان نمایش بکات، لەلایەکی دیکەش پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان و سەروەریی دەوڵەت لە چوارچێوەی هەناردەکردن و بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیەتی ویلایەتی فەقیهـ لە هەموو دەوڵەتانی ئیسلامی و جیهاندا پەردەپۆش بکات، ئەمەش واتە دوو دەوڵەتی لەناو یەك دەوڵەتدا دروست کردووە، لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ مامەڵە دەکات و بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیەتەکەشی وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی ڕەفتار دەکات و هەموو دەسەڵاتەکانی ئەو دەوڵەتانە بە کافر دەزانێت و فتوحات و غەزوکردنیان بە ئەرکێکی پیرۆز (الجهاد المقدس) لە قەڵەم دەدات.

ئێران لەماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو لەدوای دامەزراندنییەوە، هەوڵیداوە دوو ستراتیژیەتی جیاواز بۆ پاراستنی ئاسایشی وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ و دەوڵەتێکی ئیسلامی دابڕێژێت، بۆ ئەمەش دەبینین ئێران بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی بەهێزی هاوچەرخ پەرەی بە پرۆگرامی ئەتۆمی داوە، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و پارسەنگ و نفووزی خۆی بە سوپا و ڕۆکێت و چەکی ئەتۆمی بپارێزێت، بەڵام وەك دەوڵەتێکی ئیسلامی، (سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی - Islamic Revolutionary Guard Corps)، هەیکەل و ڕێکخستنی ئەم سوپایە بە هەموو شێوەیەك لە هەیکەڵ و ڕێکخستنی هەموو سوپاکانی هەر ١٩٣ دەوڵەتەکەی ئێستای جیهان جیاوازە و ڕەچاوی هیچ پرەنسیپێکی سوپاکانی جیهانی ناکات و ناشتوانرێت لەگەڵ هیچ سوپایەکی دیکەی دەوڵەتانی جیهان بەراورد بکرێت، وەك لەناوەکەشیدا ڕاشکاوانە هاتووە، ئەم سوپایە پارێزەری شۆڕشی ئیسلامی شیعەیە، نەك دەوڵەتی ئێران، بۆیە لەهەر شوێنێك شیعە هەبێت، ئەم سوپایە نەك هەر خۆی بە بەشێك لەپارێزەری ئەو شیعانە دەزانێت، بەڵکو شیعەی شوێنە جیاوازەکان دەکاتە بەشێك لەم سوپایە.

ئامانجی ئەم سوپایە لەگەڵ ئەوەی بە پلەی یەکەم بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیەتی ویلایەتی فەقیهـ شیعەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا لەگەڵ هەموو ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانەش یەك دەگرێتەوە کە لەیەك خاڵدا لەگەڵ ئەو لایەن و دەوڵەتانە دەبنە دوژمن کە دژایەتی شۆڕشی ئسلامی شیعەی ئێران دەکەن، بۆیە زۆر ئاساییە لە یەك کاتدا سوپای پاسداران پشتگیری میلیشیاکانی شیعەی عێراق و هەروەها میلیشیاکانی ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆریست هەر لە عێراقدا بکات، هەروەها زۆر ئاساییە پشتگیری لە حزبێکی عەلمانی و سۆشیال دیموکرات و ئیسلامی سەلەفی لە هەرێمی کوردستاندا بکات، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەوانیش دژایەتی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن.

**چۆن لە تاران سەرۆک کۆمار حەسەن ڕۆحانی دەسەڵاتی بەسەر سوپای پاسداراندا نییە، بەهەمان شێوە حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانیش لە عێراقدا دەسەڵاتی بەسەر میلیشیا پرۆئێرانییەکانی حەشدی شەعبیی سەر بە سوپای پاسداراندا نییە**

سوپای پاسداران نموونەیەکی دیاردەی پۆپۆلیستییە لە فیکری مەرجەعی شیعەگەرایی قوم لە ئێراندا و جیاوازە لە فیکری مەرجەعی شیعەگەرایی نەجەف لە عێراقدا، ئەمەش بەو مانایەی مەرجەعییەتی شیعەگەرایی قوم، بڕوای بەوەیە کە دەبێت ئیسلامی شیعەش خاوەنی دەوڵەتی ئیسلامی بێت، هەروەك ئیسلامی سوننە دەیەوێت خاوەنی خەلافەتی ئیسلامی بێت، ئەوجا چۆن ئیسلامی سوننە بۆ دامەزراندنی خەلافەت هەموو شتێکی حەڵاڵ کردووە و بە هەمان شێوە سوپای پاسدارانیش بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی هەموو شتێکی پیرۆز کردووە، ئەم جۆرە سوپایە، ئەوجا سوپای خەلافەت، بێت یان سوپای پاسداران، کاری بە یاسای نێودەوڵەتی بۆ سوپای دەوڵەتی هاوچەرخ نییە، بەڵکو ئەو وەك سوپایەکی ئیسلامی

**هەموو لایەک لێدوانەکەی ئەبو مەهدی موهەندیسی لە تارانەوە گوێ لێبووە کە گوتی: حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانیش داوابکات، حەشدی شەعبی نەمێنێت، ئەوا حەشدی شەعبی هەر دەمێنێت، لەمەش زیاتر قەیس خەزعەلی، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (ریکس تیلرسۆن)ی بە گەمژە وەسف کرد کە ئەو داوایە ئاراستەی عێراق دەکات و زیاد لەمەش هەروەک تەحەددایەک بۆ داواکەی ئەمریکا، ئاڵای ئەمریکای خستە ژێر پێی و بەسەریدا ڕۆیشت**

بەپێی تێگەیشتنی مەزهەبەکەی بۆ شەریعەتی ئیسلامی کاری خۆی بەڕێوە دەبات، ئەوجا کە لە شەریعەتی ئیسلامیدا ( سوننە بێت، یان شیعە ) هیچ سنوورێك بۆ دەوڵەت، یان خەلافەتی ئیسلامی بوونی نەبێت، ئەوا بۆ ئەو سوپا ئیسلامییانەش هیچ سنوورێك بوونی نییە.

لەم چوارچێوەیەدا کێشەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێراندا ئەوە بووە کە تا ئێستا وەك دەوڵەتێکی هاوچەرخ مامەڵەی لەگەڵ ئێراندا کردووەو ئیعتوباری بۆ دەوڵەتە ئیسلامییەکە لەناو دەوڵەتە هاوچەرخەکە دانەناوە، بۆیە سوپای پاسداران لەماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵی رابردوودا ئەوەی مەبەستی بووە بە سەرکەوتوویی ئەنجامیداوە و لەمیانەی شەڕی دژی داعشیشدا، توانیویەتی بەتەواوەتی عێراق و سووریا بکاتە ناوچەی باڵادەستی نفووزی خۆی و هەموو دەستکەوتەکانی شەڕی دژی داعش بۆ خۆی کۆبکاتەوە.

دەوڵەتانی هاوپەیمانی شەڕی دژی داعش بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی کە لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا هەموو ئەولەویەتێکیان کردبووە تێکشکاندنی داعش، ئێستا کە داعش بەرەو کۆتایی دەچێت، ئێران نەك هەر خۆی بە براوەی شەڕەکە دەزانێت، بەڵکو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش و لەسەرووی هەمووشیانەوە هەڕەشە لە ئەمریکا دەکات کە دەبێت عێراق و سووریا بەجێبهێڵێت.

ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە هەوڵیداوە کە ستراتیژیەتێك پیادە بکات کە سنوورێك بۆ هەڕەشەکانی سوپای پاسداران دابنێت، بەڵام چۆن ئێران پێناسەی دەوڵەتی لەنێوان دەوڵەتی هاوچەرخ و دەوڵەتی ئیسلامی تێکەڵ کردووە، بە هەمان شێوە ئیدارەی ترەمپیش زیانەکانی رێککەوتنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکە و مەترسیی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی تێکەڵ کرد، کەوتە هەڕەشەکردن لە هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنی ( ٥+١)ی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا، بەمەش پێگەی ئێرانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی بەهێز کردو ستراتیژەکەشی بۆ ئیحتواکردنی سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانی خاوکردەوە. بەتایبەتیش کە شەوی ١٦ی ئۆکتۆبەری رابردوو، قاسم سولەیمانی و سوپای پاسداران بە هێرشکردنە سەر کوردستان وەڵامی ستراتیژەکەی رۆژی ١٣ی ئۆکتۆبەری ترامپیان دایەوە.

لەدوای ١٣ی ئۆکتۆبەری رابردووەوە هەتا ئێستا کە ٤٥ رۆژی بەسەردا تێپەڕیوە، لیژنە پەیوەندیدارەکانی کۆنگرێس و ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوە لە ئەمریکا و جیهان، سەرقاڵی ئەوەن چۆن زیانەکانی رێککەوتنی ( ٥+١) ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، لە مەترسییەکانی رەفتارە تیرۆریستییەکانی سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانی لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیابکەنەوە، یان بەواتایەکی دیکە دەڵێن، رێککەوتنی ( ٥+١) چەکی ئەتۆمی لەگەڵ حکومەتی ئێران سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و ئێران تا رادەیەکی زۆر پێوەی پابەند بووە و مەترسیی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی لەلایەن ئێرانەوە لانیکەم بۆ دەیەیەکی دیکە دوورخراوەتەوە، لە هەمانکاتدا هەر پێنج دەوڵەتەکەی دیکە بێجگە لە ئەمریکا، لەبەر رۆشنایی راپۆرتەکانی ئاژانسی وزەی جیهانی و زانیارییە هەواڵگرییەکان، هیچ گازندەیەکیان لەسەر پابەندبوونی ئێران بە رێککەوتنەکەوە نییە، بۆیە دەکرێت ئەمریکاش وەك پێنج دەوڵەتەکەی دیکە پابەند بێت بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ حکومەتی ئێران و لەبەرامبەریشدا هەوڵەکانی لەدژی رەفتارە تیرۆریستییەکانی سوپای پاسداران و وەکیلەکانی توندتر بکات، بە پەنابردنە بەر بژارەی سەربازیشەوە.

لە رۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبەری رابردوو وەك هەوڵێك بۆ دارشتنی بەرنامەیەك بۆ ستراتیژیەتی ئەمریکا بەرامبەر پرۆگرامە نیوکلیارییەکە و هەڕەشە ئیقلیمییەکانی سوپای پاسداران، هەر دوو سەنتەری کارینگی و ئاسایشی نوێ بۆ ئەمریکا بە هاوبەشی گەورە توێژەرانی هەر دوو سەنتەرەکە دیراسەتێکیان بە ناونیشانی (ستراتیژیەتێکی ئەمریکای گشتگیر بۆ دەستنیشانکردنی تەحەددییەکانی پرۆگرامی ئەتۆمی و هەڕەشە ئیقلیمییەکانی ئێران) بڵاو کردۆتەوە، لەم راپۆرتە جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە پێویستە ئەمریکا لەم ستراتیژە تازەیەدا بە دوو شێوە (بەشداری پێکردن و توندکردن) مامەڵە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بکات، ئەمەش بەو مانایەی پێویستە ئەمریکا پابەند بێت بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە و لەگەڵ ئێراندا بەشداری بکات بۆ جێبەجێکردنی، هەروەها پێویستە لەبەرامبەر ئەو هەڕەشانەشی سوپای پاسداران و میلیشیا وەکیلەکانی لە رۆژهەڵاتی

**ئێستا لە عێراقدا بە حیساب د.حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقە، بەڵام لەناو دەوڵەتی عێراقدا دەسەڵاتێکی باڵاتر بوونی هەیە کە ئەویش دەسەڵاتی ئەبو مەهدی موهەندیسە کە وەکیلی سوپای پاسدارانە لە عێراقدا**

**نەک هەر حزبە سیاسییەکان ناتوانن پێکەوە بگەنە بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ پشتگیری لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و تێپەڕاندنی ئەم قۆناخە، بەڵکو هەندێک هێز و لایەنی سیاسی وەک وەکیلی قاسم سولەیمانی کار بۆ سڕینەوەی وجوودی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان دەکەن**

**سوپای پاسداران هێندەی دژی یەک دەسەڵاتی و یەک بڕیاریی هەرێمی کوردستان بوو، هێندە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نەبوو، بۆیە کاتێک ریفراندۆم تا رادەیەکی زۆر زەمینەی بۆ ئەو یەکریزی و یەکدەسەڵاتی و یەک بڕیارییە رەخساند، سوپای پاسداران و شەخسی قاسم سولەیمانی خۆی کەوتە دارشتنی پلانێک بۆ ئەوەی هێزێک بە هاوتای دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات و لەژێر پەردەی دژایەتی ریفراندۆمدا ئەو هێزەی کردە وەکیلی خۆی لە کوردستاندا**

**دوای ئەوەی لە کابینەی دووەمی نوری مالیکی -یەوە، عێراق بووە کۆپییەکی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئیدی مەترسی دروستکردنی هێزێک بە هاوتەریبی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئێرانەوە دەستی پێکرا، ئەم هەوڵەش دوولایەنە بوو، لەلایەک راستەوخۆ هێزی قودسی سوپای پاسداران لەگەڵ هێزەکانی زۆنی سەوز و نیلی کەوتە پەیوەندی راستەوخۆ، لەلایەکی دیکە لەلایەن کوتلە پەرلەمانییە پرۆئێرانییەکانی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق کەوتنە کەرتکردنی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و تێکدانی یەکریزیی نێومالی کوردستان لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا**

**لەناو کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بێجگە لە حکومەت دەسەڵاتێکی دیکەش لە سەرووی دەسەڵاتی حکومەتەوە هەیە، کە دەسەڵاتی سوپای پاسدارانە و راستەوخۆ سەر بە رابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامییە، هەروەها بەرنامەیەک لەدەرەوەی بەرنامەی دەوڵەت لە سەرووی دەسەڵاتی حکومەتەوە هەیە، کە ئەویش بەرنامەی هەناردەکردنی شۆڕشە بۆ دەرەوە و ئامانجی سەرەکیی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانی ساڵی ١٩٧٩ یە، ئەم بەرنامەیەش راستەوخۆ رابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی پیادەی دەکات و حکومەتی ئێران دەسەڵاتی بەسەریدا نییە، هەر ئەمەش وایکردووە کە هەڵوێستی حکومەتی ئێران و رابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەسەر رێککەوتنی (٥+١) لێک دوور و جیاوازبن**

ناوەڕاست دروستیان کردووە، دەبێت سیاسەتێکی توند بگرێتە بەر و جیا لەوەی دەبێت نفوزێکی کاریگەری سەربازی لە ناوچەکەدا بوونی هەبێت، لە هەمانکاتدا دەبێت بژاردەی سەربازیش بۆ بەرپەرچدانەوەی هەڕەشەکانی سوپای پاسداران و وەکیلەکانیشی، یەکێک بێت لەو بژارانەی هەمیشە لەبەردەست بێت و هەر کاتێك پێویست بوو پەنای بۆ ببردرێت، بۆ ئەمەش ئەم دیراسەتە ئەم خاڵانە بە پێویست دەزانێت بۆ ئەوەی ستراتیژیەتی تازەی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران سەرکەوتوو بێت:

١. گرنگە ئەمریکا بەردەوام وجوودێکی کاریگەری سەربازی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبێت.

٢. دەبێت هەموو رەفتارێکی ناجۆر و ناسەقامگیری سوپای پاسداران و وەکیلەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پۆچەڵ بکرێتەوە و ریسوا بکرێن و بە ئاشکرا و بە رێگەی میدیا بخرێنەڕوو بۆ ئەوەی ئێران لەسەر ئاستی جیهان گۆشەگیر و ئیحراج بکرێت.

٣. دەبێت توانای سەرچاوەی زیاتر بخرێتە بەردەست، بۆ ئەوەی ئاستەنگ بۆ سەرچاوە ئابوورییەکانی سوپای پاسداران لە ناوەوە دەرەوەی ئێران دروست بکرێت.

٤. دەبێت پەنا بۆ بژاردەی سەربازی ببردرێت بۆ ئەوەی هەموو لایەك لەوە دڵنیا ببنەوە کە میلیشیاچەکدارە پرۆئێرانییەکان و میلیشیاکانی حزبوڵلا لە ناو سووریادا لەبەرزاییەکانی جۆلان دووررکەوتوونەتەوە.

٥. دەبێت توانای زیاتر بخرێتەگەڕ، بۆ ئەوەی بتوانرێت سەرکردەی میلیشیاکان، کارە بازرگانییەکانیان و کاروبارە بانکییەکانیان هەروەها ئەوانەی ئاسانکاریان بۆ دەکەن، دیاری بکرێن و رێوشوێنی پێویستیان لەبەرابەردا بگیرێتەبەر.

٦. ئێران ئێستا خەریکە بەتەواوەتی پردی زەمینی لە ئێرانەوە بۆ گەیشتن بە دەریای سپی ناوەڕاست تەواو دەکات، بۆیە دەبێت سنوورێك بۆ ئەم پرۆژە ترسناکە دابنرێت، بۆ ئەمەش دەبێت ئەمریکا ئەو هێزانەی کە خۆی پشتگیرییان دەکات لە رۆژهەڵاتی سووریا لەسەر ئەو خاکەی پێشتر بەدەست داعشەوە بووە، جێگیریان بکات.

٧. دەبێت رێگە نەدرێت هێزی تەقلیدی ئێرانی لە سووریا زیادبکرێت، هەروەها دەبێت ئەو دەستەو




تاقمانە دیاری بکرێن و سزا بدرێت کە ئێران بۆ پشتگیری رژێمی ئەسەد بەکاریان دەهێنێت.

٨. دەبێت ئەمریکا بۆ ماوەیەکی دوورمەودا هێزی خۆی لە عێراقدا بهێڵێتەوە، لانیکەم لەو هێزە کەمتر نەبێت کە ئێستا هەیەتی.

٩. دەبێت سوپای ئەمریکا مەسجێکی زۆر راشکاوانە بداتە ئێران بەوەی هەر چالاکییەکی هێزەکانی ئێران ببێتە هۆکاری ئاستەنگ دروستکردن لە بەندەری بابولمەندەب لە یەمەن، راستەوخۆ رووبەڕووی بەرپەرچدانەوەی ئەمریکا دەبنەوە.

١٠. دەبێت هاریکاری و هەماهەنگییەکی هەواڵگری و سەربازی لەنێوان ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەناوچەکەدا هەبێت، بۆ ئەوەی ببنە چاودێر و ئاشکراکردنی هەر لایەنێك کە لەلایەن ئێرانەوە بۆ دروستکردنی نائارامی لەناوچەکەدا کار دەکات.



١١. دەبێت ئەمریکا پشتگیری لە ئۆپەراسیۆنە دەریاییەکان لە ئاوی کەنداو بکات، بۆ ئەوەی ڕێگری لە بە قاچاخبردنی چەك لەلایەن ئێرانەوە بە ڕێگەی ئاوی بکرێت، بۆ ئەوەش دەبێت پشتگیری زیاتری دەوڵەتانی کەنداو بکات.

لێرەوە ئەگەر سەرنج لەم خاڵانە بدەین، هەست دەکەین ئەو مەترسییانەی سوپای پاسداران و وەکیلەکانی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستی دەکەن، هێندەی پەیوەندییان بە عەلی خامنەئی ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامییەوە هەیە و هەر لەوێشەوە ئاراستە دەکرێن، هێندە پەیوەندی بە حکومەتی ئێرانەوە نییە، تەنانەت ئەو بۆچوونەشی پێچەوانە کردۆتەوە کە بەشێکی زۆر لە کۆنگرێسمان و سیناتۆرە کۆمارییەکان و ئیسرائیل سەبارەت بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران، پێیانوابوو، ڕێککەوتنەکە دەبێتە هۆکاری ئەوەی سزاکانی سەر ئێران لابچن و بەوەش پارەیەکی زۆر بۆ ئێران دەگەڕێتەوە و ئەو پارەیەش بۆ ئەو میلیشیایانە خەرج دەکرێت کە ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست دەکەن، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە سەرچاوەی سەرەکیی دارایی بۆ سوپای پاسداران و میلیشیا پرۆئێرانییەکان لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ڕێژەیەکی زۆر کەمی دەکەوێتە سەر دەوڵەتی ئێران و ئەوی دیکە بە ڕێگەی جۆراوجۆر سوپای پاسداران دابینی دەکات، بۆیە جەخت لەوە دەکرێتەوە، لەبری ئەوەی ئیحتواکردنی هەڕەشەکانی سوپای پاسداران و وەکیلەکانی لەگەڵ حکومەتی ئێران یەکلایی بکرێتەوە، ئەوا دەکرێت لە چوارچێوەی یەك ستراتیژی گشتگیردا، بەشێوەی نەرم و دیالۆگ لەگەڵ حکومەتی ئێران قسە بکرێت، بە ڕێگەی سزا و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیش مامەڵە لەگەڵ هەڕەشە و مەترسییەکانی سوپای پاسداران و وەکیلەکانی بکرێت.

**ئەگەر وەک یەک دیمەن سەیری تەواوی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، دەبینین تەواوی ناسەقامگیرییەکانی ناوچەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سوپای پاسدارانی ئێرانەوە هەیە، ئەم دامەزراوەیە وەک ئەختەبوت هەر پەلێکی لەوڵاتێکدا ناسەقامگیری دروست دەکات**

ستروان ستیڤنسن
سەرۆکی کۆمەڵەی ئەورووپی بۆ ئازادیی عێراق بۆ گوڵان:

# ئێران سەرچاوەی ناسەقامگیرییەو پێویستە بەرەیەکی یەکگرتوو لەدژی پێک بهێنرێت

**پێویستە باس لە سیاسەتێک بکەین کە گرتنەبەری ببێتەهۆی ئەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران و سوپای پاسدارانی بەدناوی ئەو وڵاتە دەستبەجێ لە عێراقدا کۆتایی پێبهێنرێت**

*** سەرەتا دەمانەوێت بزانین تێڕوانینت چییە لەسەر ئەو بارودۆخەی لە ئێستادا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگوزەرێت و ئایا گرنگترین ئەو پەرەسەندنانە چین کە مایەی زۆرترین نیگەرانین و پێویستیان بە ئاوڕدانەوە و بایەخپێدانی بەپەلە هەیە؟**

- بە تێڕوانینی من بەپەلەترین تەحەددی لەم ساتەوەختەدا بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دەستێوەردانی ئێران لە ناوچەکەدا. چونکە ڕژێمی ئێرانی بۆتە سەرچاوەی ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا و لەم ڕوانگەیەوە، من باوەڕم وایە کە پێویستە بەرەیەکی یەکگرتوو لە دژی ئەم ڕژێمە پێکبهێنرێت. چونکە ئەم ڕژێمە لە هەر ساتەوەختێکی دیکە لەرزۆکترە و دەستێوەردانە دەرەکییەکانی ئێران تەنیا بۆ شاردنەوەو پەردەپۆشکردنی شکستەکانیەتی لە ناوخۆی وڵاتدا.

*** هەروەك دەزانن هەرێمی کوردستان بێبەش نەبووە لەو پەرەسەندنانەی لە ناوچەکەدا دەگوزەرێن و ڕوویانداوە، بەتایبەتی ئەوەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەردا ڕوویدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕۆڵی ئێران لەم ڕووداوەدا چی بوو؟**

- ئاشکرایە ئەوەی لە هەرێمی کوردستان ڕوویدا نموونەیەکی دیکەیە لەبارەی کار و چالاکییە شەڕانگێزییەکانی ڕژێمی ئێران و سوپای پاسدارانی بەدناو. لە ڕاستیدا چەندین ڕاپۆرت هەن باس لەو تاوانانە دەکەن کە یەکەکانی حەشدی شەعبی ئەنجامیان داون، کە ئەم یەکانەش سەر بە سوپای پاسداران و هێزی قودسن.

*** بە گشتی بۆچوونت چییە لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ ئایا پێتوایە ئەمریکا ستراتیژییەتێکی گشتگیر و لۆژیکی گرتۆتەبەر لە ئاست ئەم ناوچەیەدا، یاخود باوەڕت وایە ئیدارەی ترەمپ سیاسەت و ستراتیژیەتێکی پڕ دژبەری پیادە دەکات؟**

- من باوەڕم وایە دوای چەندین ساڵ لە شکست، سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ڕێگەی ڕاست و دروستی گرتۆتەبەر. بەڵام



**ستروان ستێڤنسن ئەندامی پێشووتری پەرلەمانی ئەورووپا بووە لە ساڵی ١٩٩٩ تاوەکو خانەنشین بوونی لە ساڵی ٢٠١٤، هەروەها لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٩ تاوەکو ٢٠١٤ سەرۆکی شاندی پەیوەندییەکانی بەغدا بووە لە پەرلەمانی ئەورووپادا و هاوکات سەرۆکی گرووپی دۆستانی ئێرانی ئازاد بووە، ئێستاش سەرۆکی کۆمەڵەی ئەورووپییە بۆ ئازادیی عێراق. بۆ قسەکردن لەبارەی پەرەسەندن و گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لە پەیوەندی بە دەستڕۆیشتوویی ئێران لەم ناوچەیەداو کاریگەری و ئاکامەکانی ئەو دەستڕۆیشتووییە و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

ئەوەی پێویستە هەڵگرتنی هەنگاوی عەمەلی زیاترە لەسەر ئەرزی واقیع. پێویستە ئەمریکا بە روونی رایبگەیەنێت کە پێویستە سوپای پاسداران و وەکیلەکانی خاکی سووریا جێبهێڵن و خۆ ئەگەر هاتوو رازی نەبوون بە کشانەوە، ئەوا پێویستە دەرئەنجامی دژوار چاوەڕوانیان بکات، لە نێویاندا سەپاندنی سزای پەیوەست بە کەرتی نەوتی ئێران و بێبەشکردنی ئێران لە دەستڕاگەیشتن بە سیستمی بانکی جیهانی. هەمان شت راستە لەبارەی دەستێوەردانی ئێرانەوە لە وڵاتانی عێراق، یەمەن و لوبناندا.

*** کەواتە چۆن لە هەڵکشانی دەسەڵات و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا دەڕوانیت و پێتوایە ئەگەر بەر بە نفووزی ئێران نەگیرێت، چ چارەنووسێك چاوەڕوانی ئایندەی ئەم ناوچەیە دەکات؟**

- لە راستیدا من پێموایە رژێمی ئێران لە ناوخۆدا زۆر لەرزۆکە. لەم روانگەیەشەوەیە کە هەوڵ دەدات لە رێی ئەنجامدانی سەرکێشیی دەرەکییەوە پەردەپۆشی دۆخی لاوازی ناوخۆیی خۆی بکات. دەستڕۆیشتوویی رژێمەکە رەنگدانەوەی هێزی ئەو رژێمە نییە، بەڵکو دەرهاویشتەی شکستی وڵاتانی ناوچەیەکە کە نەیانتوانیوە رووبەڕووی ئەم رژێمە ببنەوە، هەروەها ئاکامی سیاسەتی شکستخواردووی رازیکردنە کە سیاسەتی بنەڕەتیی حکومەتە رۆژئاواییەکان بووە لە ئاست ئێراندا.

*** هەروەك دەزانن ئێران بەهێزترین و دەستڕۆیشتووترین وڵاتی دەرەکییە لە عێراقدا، ئایا پێتوایە عێراق بە تەواوەتی بۆتە پاشکۆی ئێران و ئەگەر وایێت ئایا ئەمە چ ئاکام و دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە لەسەر ناوچەکە؟**

- هۆکاری دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە رابردوودا ئەمریکا سیاسەتێکی پڕ لە هەڵەی پیادە دەکرد. چونکە بۆ چەندین ساڵ ئەمریکا چاوپۆشی لە دەستێوەردانی ئێران لە عێراقدا دەکرد و، بواری پێدەدا بۆ ئەوەی دەستڕۆیشتوویی بەدەست بهێنێت لە رێی سەرکوتکردنی سوننەکانەوە، کە ئەمەش لە کۆتاییدا سەرهەڵدانی داعشی لێکەوتەوە. من

**چەندین راپۆرت هەن باس لەو تاوانانە دەکەن کە یەکەکانی حەشدی شەعبی ئەنجامیان داون، کە ئەم یەکانەش سەر بە سوپای پاسداران و هێزی قودسن**




**پێویستە بەرەیەکی یەکگرتوو لە دژی ئەم ڕژێمە پێکبهێنرێت. چونکە ئەم ڕژێمە لە هەر ساتەوەختێکی دیکە لەرزۆکترە و دەستێوەردانە دەرەکییەکانی ئێران تەنیا بۆ شاردنەوەو پەردەپۆشکردنی شکستەکانیەتی لە ناوخۆی وڵاتدا**

باوەڕم وایە پێویست ناکات باس لە ئاکامی باڵادەستیی ئێران بەسەر عێراقدا بکەین، بەڵکو پێویستە باس لە سیاسەتێك بکەین کە گرتنەبەری ببێتەهۆی ئەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران و سوپای پاسدارانی بەدناوی ئەو وڵاتە دەستبەجێ لە عێراقدا کۆتایی پێبهێنرێت.

*** بەڵام هەروەك دەزانن بەم دواییە ئیدارەی ئەمریکا ستراتیژییەتێکی نوێی لە ئاست ئێراندا ڕاگەیاند و تەنانەت سوپای پاسدارانیشی خستە خانەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، ئایا پێتوایە ئەم ستراتیژیەتە سەرەتای گرتنەبەری ئەو سیاسەتە بێت کە لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەت پێکرد؟**

- بە تێڕوانینی من وەسفکردنی سوپای پاسداران وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی و سەپاندنی سزا بەسەر ئەو سوپایە و هێزەکانی سەر بەم سوپایە، بڕیارێکی ڕاست و دروست بوو. بەڵام ئەمە تەنیا هەنگاوێکە. واتە پێویستە هەنگاوی کۆنکرێتی دیکەی بەدوادا بێت، وەك: سەپاندنی سزای سەختتر بەسەر تاراندا، لە نێویاندا سەپاندنی سزا بەسەر کەرتی نەوت و دەستڕاگەیشتن بە سیستمی بانکی جیهانی. هەروەها پێویستە ڕێککاری پێویست بگیرێنەبەر بۆ دەرپەڕاندنی سوپای پاسداران و وەکیلەکانی لە سووریا و عێراق. دەبێت ئەو بەرپرسە ئێرانییانە ئۆباڵی کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٩٨٨یان لە ئەستۆیە، بدرێنە دادگا. لە کۆتاییدا، پێویستە پشتیوانی دەستەبەر بکرێت بۆ موعارەزەی ئێرانی و وەك نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی ئێران بناسرێت. ئەمە کاریگەرترین گورز دەبێت لە ڕژێمی ئێرانی.

*** بەڵام ئێمە دەبینین دوای ئەو هەموو فشار و سزایانە بۆ گۆڕینی سیاسەتی ناسەقامگیرکاری ئێران لە ناوچەکەدا، بەڵام هێشتا وەك پێویست دەرئەنجامی خوازراویان لێنەکەوتۆتەوە، ئایا پێتوایە پێویستە سیاسەت و ڕێگاچارەی توندتر بگیرێتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران؟**

- لە ڕاستیدا من پێموایە ئەم ڕژێمە گۆڕانکاری لە ڕەفتار و هەڵوێستەکانیدا ناکات. ماوەیەکی کەم پێش ئێستا خودی خامنەئی ڕایگەیاند هەر گۆڕانکارییەك لە ڕەفتاری ڕژێمی ئێراندا یەکسانە بە گۆڕینی ڕژێمەکە. تۆ بڕوانە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا هەر سازشێك کە مومکین بووە کراوە بۆ ئەم ڕژێمە بە ئومێدی ئەوەی گۆڕانکاری لە ڕەفتارەکانیدا



بکات، بەڵام شکست بۆتە چارەنووسی ئەم هەوڵانە. هەرچۆنێك بێت، ئەم رژێمە تەنیا لە زمانی هێز تێدەگات. تۆ بڕوانە تەنیا ئەو کاتە ئامادە بوو گفتوگۆ ئەنجام بدات کە ترس و نیگەرانی هەبوو لەوەی کە سزا نێودەوڵەتییەکان ببنەهۆی بەرپابوونی راپەڕینێکی بەربڵاو لە دژی رژێمەکە. بەو پێیە، رێگای بەرەوپێشچوون بریتییە لە زیادکردنی فشارەکان لەسەر ئێران.

*** بەڵام ئایا هاوڕایت لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا کە پێیوایە بێ رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی سەربازی ناکرێت بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاری لە سیاسەت و رەفتارەکانی ئێراندا بهێنرێتەدی؟**

- من هەمیشە لەگەڵ ئەوەدام کە پێویستە گرتنەبەری رێککاری سەربازی دوایین رێگاچارە بێت کە پەنای بۆ ببردرێت. بەڵام دەبێت بە روونی بە بەرپرسانی ئێران رابگەیەنرێت کە پێویستە کۆتایی بە بوونی سوپای پاسداران و وەکیلەکانی لە سووریا و بەشەکانی دیکەی ناوچەکە بهێنرێت، ئەگەرنا رووبەڕووی دەرئەنجامەکەی دەبنەوە. هەروەها دەبێت سزاکان چڕتر بکرێنەوە و لە سەرو هەمووشیانەوە ئیعتیراف بە ئەنجومەنی نەتەوەیی موقاوەمەی ئێرانی بکرێت، واتە دەبێت بوار بدرێت موعارەزەی دیموکراتی ئێرانی مومارەسەی فشارێکی راستەقینە بکەن لەسەر بەرپرسەکانی ئێران. من باوەڕم وایە گەلی ئێران و موقاوەمەی ئەو گەلە دەتوانن گۆڕانکاری لە رژێمی ئێراندا بکەن. پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی وڵاتانی ناوچەکە پشتیوانیی سیاسی دەستەبەر بکەن بۆ ئەو موقاوەمەیە.

*** پێشبینییەکانت چین لەبارەی ئایندەی ئەم ناوچەیەوە؟**

- من پێموایە خراپترین دۆخێك کە بێتەئاراوە ئەوەیە کە وڵاتانی ناوچەکە، هەروەها ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا جارێکی دیکە شکست بێنن لە رووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی فراوانخوازیی توندی ئێران لەسەر بنەمای ئەو وەهمەی کە گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی ئێراندا کێشەکە چارەسەر دەکات، من گەشبینم کە ئەم رژێمە ناتوانێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەی گەلی ئێران گۆڕانکارییان دەوێت. لەلایەکی دیکەوە، موقاوەمەیەکی نەتەوەیی و بەدیلی دیموکراتی هەیە. لەبەر ئەوە من باوەڕم وایە گۆڕانکاری لە ئێراندا شتێکی حەتمییە و کارێکی کردەنییە.

**باوەڕم وایە گەلی ئێران و موقاوەمەی ئەو گەلە دەتوانن گۆڕانکاری لە رژێمی ئێراندا بکەن و دەبێت بوار بدرێت موعارەزەی دیموکراتی ئێرانی مومارەسەی فشارێکی راستەقینە بکەن لەسەر بەرپرسەکانی ئێران، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی وڵاتانی ناوچەکە پشتیوانی سیاسی بۆ ئەو موقاوەمەیە دەستەبەر بکەن**

### پێویستە کەلێنەکانی ستراتیژیەتی ترەمپ لە ئاست ئێراندا پڕ بکرێنەوە

# بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران دەبێت لە عێراق و سووریاوە دەست پێبکرێت نەک لە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە


لە راستیدا بە تێڕوانین لە چەند پەرەسەندنێك وەك دەست لەکارکێشانەوەی سەعد حەریری سەرۆك وەزیرانی لوبنان و هێرشی مووشەکی حوسییەکان بۆ سەر عەرەبستانی سعودیە، بۆمان دەردەکەوێت کە جارێکی دیکە پشێوی باڵی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوەتەوە، ئەویش بەهۆی هەڵوێستوەرگرتنی هاوپەیمانەکانی ئەمریکاوە لە ئاست هەڕەشەی توندی ئێراندا. کە ئاشکرایە بێ خستنەڕووی دەستپێشخەرییەك بە سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا، ئەوا هاوپەیمانەکانی ئەمریکا سیاسەت و هەڵوێستی سەربەخۆ دەگرنەبەر و ئەمەش دەبێتەهۆی هەڵکشانی زیاتری قەیرانەکانی ناوچەکە. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە ئەو سیاسەتەی ئیدارەی ترەمپ مانگی رابردوو لە ئاست ئێراندا رایگەیاند، سیاسەتێکی گرنگە، ئەمەش هەوڵێك بوو بۆ گرتنەبەری ستراتیژیەتێکی گشتگیر. باشترین لایەنی ئەم ستراتیژیەتە ئەوەیە کە ئەو راستییەی لەبەرچاو گرتووە کە تەنیا سنووردارکردنی تمووحە ناوکییەکانی ئێران نابێتەهۆی کۆتاییهێنان بە رەفتارە توندەکانی ئەو وڵاتە لە سەرتاسەری ناوچەکەدا. بەڵام رێگای باش و رێگای سلبیش هەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران و پێدەچێت تا ئێستاش ئیدارەی ترەمپ تەرکیزی لەسەر رێگا سلبییەکە کردبێت. چونکە عێراق و سووریا ئەو شوێنانەن کە دەکرێت بە شێوەیەکی کارا ئەم ستراتیژیەتەیان تێدا جێبەجێ بکرێت، نەك یەمەن یان لوبنان و بە دڵنیاییەوە نەك پرسی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە.

لە ئێستادا ئێران بوونی لە سووریادا هەیە و لە کاتێکدا ئێران براوەی دۆخەکەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە رادەیەکی گەورە رووبەڕووی مەترسی بۆتەوە. چونکە ئێران ناتوانێت بەرگەی داڕووخانی رژێمی ئەسەد بگرێت و سەرکێشی بە لەناوچوونی حزبوڵا و لەدەستدانی پێگەکەی- کە دوای دژوارییەکی زۆر بەدەستی هێناوە- لە باکووری شامدا بکات.


واشنتۆن دەتوانێت سوود لەم دۆخە وەربگرێت بە زیادکردنی هاوکاری ئاشکرا بۆ یاخیبووە سوننەکان بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات زیان بە دیمەشق و پشتیوانەکەی- تاران- بگەیەنن، واتە بەو شێوەیەی کە ئەمریکا پشتیوانی موجاهیدە ئەفغانییەکانی کرد لە دژی سۆڤییەت لە ساڵانی هەشتاکاندا. بەڵام ئەمەش تەواو پێچەوانەی خواستی سەرۆك ترەمپە کە دەیەوێت دوای تێکشکانی داعش دەست لەو وڵاتە هەڵبگرێت.

لە عێراقدا، ئێران تەواو باڵادەست نییە بەسەر ئەو وڵاتەدا، چونکە هێشتا چەندین کەسایەتی عێراق هەن، لە نێویاندا سەرۆك وەزیران، حەیدەر ئەل عەببادی، کە نایانەوێت لە سایە و سێبەری ئێراندا بژین. هاوکاریکردنی ئەم کەسانەش بە مانای ئەوە دێت ئەمریکا وەبەرهێنانێکی گەورە بکات لە دوای تێکشکاندنی داعشەوە، لە نێویاندا هێشتنەوەی هێزێکی گەورەی سەربازی

> **بێ خستنەڕووی دەستپێشخەرییەک بە سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ سنووردارکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا، ئەوا هاوپەیمانەکانی ئەمریکا سیاسەت و هەڵوێستی سەربەخۆ دەگرنەبەر و ئەمەش دەبێتەهۆی هەڵکشانی زیاتری قەیرانی ناوچەکە**



کێنیس پۆڵاک



بیلال سەعب

ئەم وتارە لە ڕۆژی ١٩ی ئەم مانگەدا لە سایتی وۆڵ ستریت جۆرناڵ بڵاوکراوەتەوە

و هاوکارییەکی ئابووری بەرچاو بۆ ئەوەی پشتیوانیی ئەو کەسانە بکات کە خوازیاری هێنانەئارای ئاشتەوایی سیاسین. لەم وڵاتەشدا پێدەچێت ئیدارەی ئەمریکا خوازیاری ئەوە بێت تەنیا هێزێکی بچووکی سەربازی جێگیر بکات و هیچ هاوکارییەکی ئابووریش زیاد نەکات. کە چاوپۆشی کردن و ئۆباڵ خستنەئەستۆی کورد لە کاتێکدا ئێرانییەکان هاوکار بوون لە ئەنجامدانی هێرشەکەی سەر کەرکووك هاوکاری باشترکردنی دۆخەکە ناکات. چونکە ئەمە ئەو پەیامە بە سەرکردە سیاسییەکانی عێراق دەگەیەنێت کە ئێران دەتوانێت کارێك ئەنجام بدات و ئەنجامیشی دەدات، لە کاتێکدا واشنتۆن ئەم کارە ناکات.

ئەوەی پەیوەست بێت بە چوارگۆشەکەی دیکەی پانتایی شەترەنجەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، هیچ شوێنێك هێندەی عێراق و سووریا لە رووی ستراتیژییەوە بەهادار نین بۆ ئێران، هیچ شوێنێکیش هێندەی ئەم دوو وڵاتە بواری ئەوە دروست ناکەن کار لەسەر بەرەنگاربوونەوەی ئێران بکرێت. واتە ناتوانرێت لە یەمەن، یان بەحرەین، زیان بە ئێران بگەیەندرێت، یاخود لە لوبنان، چونکە ئەم کارە دەبێتەهۆی هەڵگەڕاندنەوەی هاوکێشە هەستیارەکەی ئەو وڵاتە. بەڵام ئەوەی بەدی دەکرێت بە ئاشکرا سەرۆك خوازیاری ئەوەیە کە لە رێی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە فشار لەسەر ئێران دروست بکات. بەڵام ئەمە خراپترین بژارەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، لەبەر ئەوەی زۆرینەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پابەندن بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە، هەر هەوڵێکیش بۆ دووبارە گفتوگۆکردنەوە لەبارەیەوە دەبێتەهۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێککەوتنە، ئەگەرچی چەندین کەموکوڕیش لەخۆبگرێت. ڕێگاچارەیەکی باشتر ئەوەیە کە ئەو دەستڕۆیشتووییە بەکار بهێنرێت- کە بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی فراوانخوازیی ئیقلمیی ئێرانەوە بەدی هاتووە، بۆ هێنانەئارای ڕێککەوتنێکی پاشکۆ کە کۆت و بەندی توندتر بسەپێنێت لە دوای کۆتاییهاتنی ماوەی ڕێککەوتنەکەی پێشووەوە کە ١٠بۆ١٥ ساڵە.

لەسەر ئاستی رەسمی، ئیدارەی ئەمریکا بێدەنگ بووە لە ئاست ئەوەی چۆن هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیەتە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران. لە گفتوگۆ تایبەتییەکاندا، بەرپرسانی ئەمریکا باس لەوە دەکەن کە ئەوان ناتوانن ئەو کەلێنانە پڕ بکەنەوە لەبەر ئەوەی ئیدارەکە ناتوانێت ئەوە دەستنیشان بکات کە چۆن کار لەسەر ئەو پرسانە بکاتەوە کە پەیوەستن بە ئێرانەوە. تا ئەو کاتەی ئیدارەی ئەمریکا دەتوانێت ئەمە بکات، ئەوا ئەم ستراتیژیەتە تەنیا وەك خەونێك دەمێنێتەوە، خۆ ئەگەر هاتوو ئەم کەلێنانەشی پڕ نەکردەوە، ئەوا شەریکەکانی لە ناوچەکەدا خۆیان بەم کارە هەڵدەستن، دەرئەنجامەکەش سەرهەڵدانی قەیرانی زیاتر و لە کۆتاییدا هەڵکشانی بارودۆخەکە بە ئاڕاستەیەکی خراپتر دەبێت.

**ئێران ناتوانێت بەرگەی داڕووخانی ڕژێمی ئەسەد بگرێت و سەرکێشی بە لەناوچوونی حزبوڵا و لەدەستدانی پێگەکەی- کە دوای دژوارییەکی زۆر بەدەستی هێناوە- لە باکووری شامدا بکات**

# دوای خۆدوورخستنەوە لە کێشەی سووریا

پێویست بوو بە خێرایی بەیاننامەیەکی هاوبەش دەربارەی گفتوگۆکانی ئاشتیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و رووسیا بڵاوبکرێتەوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بوونی هەڵکشاوی ئێران لە وڵاتەکەدا گەڕانەوەی کۆچبەران ناورووژێنێت. لە رۆژی یازدەی تشرینی دووەمدا، سەرۆکی ئەمریکا ترامپ و سەرۆکی رووسیا فلادیمێر پوتین بەیاننامەیەکی هاوبەشیان لە شاری دانانگی ڤێتنامی سەبارەت بە سووریا بڵاوکردەوە، لەم بەیاننامەیەدا رەزامەندیی خۆیان دووپاتکردەوە لەسەر ئەو هەوڵە هاوبەشانەی کە بەم دواییە خراونەتەڕوو بۆ دوورخستنەوەی ئەو ململانێیەی کە لەئێستادا لە ئارادایە، لە بەیاننامەکەدا هاتووە کە ئەم هەوڵانە (بەشێوەیەکی ریشەیی ئەو زیانانەی خێراترکردووە کە لەم مانگانەی دواییدا دووچاری رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی- داعش- بوونەتەوە لە گۆڕەپانی شەڕدا). تاوەکو دوای ئەوە چەندین هەنگاوی دیکە بهاوێژرێن کە لە مانگی تەمموزی رابردوو بە مەبەستی بنبڕکردنی شەڕ لە سووریادا گیرانەبەر.

وێڕای ئەو سەرکەوتنانەی لە دژی داعش لە موسڵ و رەقە بەدەستهاتوون، بەڵام شەڕ دژی ئەو رێکخراوە تا ئێستا کۆتایی نەهاتووە، چونکە مامەڵەی دروست لەگەڵ ئەو هەلومەرجە نەکراوە کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو رێکخراوە جیهادییە، لەوانەش پشتگیریی ئێران بۆ حوکمڕانە ستەمکارەکان وەك بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا،هەروەها ئەو فراوانبوونەی دانیشتوان کە لە گوندە سوننەنشینە پەراوێزخراوەکان هاتۆتەدی. بۆیە پێویستە پارێزگاری لەو دەستکەوتانە بکرێت کە لەشەڕدا دژی داعش هاتوونەتەکایەوە تاکو جارێکی دیکە ئەو رێکخراوە بەهێزێکی دیکەوە دەرنەکەوێتەوە، جایمس ماتین وەزیری بەرگری لە کۆمێنتێکدا دوای بەیاننامە هاوبەشەکە ئاماژەی بەوە کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە رۆژهەڵاتی سووریا ناکشێتەوە مەگەر بە روونی شکست و بەزینی داعش بە یەکجاری کۆتایی بێت، ئەو بە رۆژنامەنووسانی گوتووە: هەوڵدەدەین ئەو هەلومەرجە لەبارە بڕەخسێنین لەپێناو سەرخستنی چارەسەری دیپلۆماسی، هاوکات دووپاتیکردەوە کە ئامانج لە مەودای کورتدا بریتییە لە داماڵینی چەك لە ناوچەکەدا و دواتر لە ناوچەیەکی دیکە و بەردەوامیش دەبین لەسەر ئەو پلانە و هەوڵدەدەین هەنگاوی دیکە بگرینەبەر بۆ گەڕانەوەی خەڵکەکە.

## ● ئێران لە رۆژهەڵاتی سووریا

لەگەڵ ئەمەشدا پرسە ستراتیژییەکان رێگە لە ئاسۆکانی یەکلاکردنەوەی دیپلۆماسیی بەردەوام دەگرن، بۆیە ئەگەر لەنزیکەوە لەو هێزانە بڕوانین کە بە کردەیی شەڕ دژی دەوڵەتی ئیسلام دەکەن لە رۆژهەڵاتی سووریا، بۆمان دەردەکەوێت کە ٨٠٪ی ئەو هێزانە لەلایەن پاسدارانی ئێرانەوە پشتیوانیی دەکرێن، ئەمەش بەپێی لێدوانەکانی ئەم دواییەی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی



**ئەندرۆجێە تابلەر**

تابلەر هاوڕێی ماراتن گروسە لە بەرنامەی پەیمانگەی واشنتۆنە بۆ سیاسەتی عەرەبی، دانەری کتێبی( لە بێشەی شێر)ە کە رۆمانێکی شایەدحاڵی شەڕی واشنتۆنە لەگەڵ سووریا.

هربرت رایمۆند ماکماستەر، هەرچەندە چاکترە کە ئەمریکا دوورکەوێتەوە لە هەر چەشنە کوشتارو شەڕێك لەگەڵ رووسیادا، بەڵام ناشێت ویلایەتە یەکگرتووەکان رێگە بە رووسیا بدات کە دەسەڵاتخوازیی ئێران لە سوریا قایمتر بکات، بۆیە کە ئەو وێنە ڤیدیۆیانەی بڵاوکراونەتەوە سەبارەت بە میلیشیا شیعییەکان لەکاتی رزگارکردنی شاری ئەلبوکەمالی سوننەنشین، ئەمەیان بۆتە مایەی ستایش لەلایەن وەزارەتی بەرگریی سووریاوە بەوەی کە سەرکەوتنێکی تازەی ئەسەدە، وەك هەوڵێك بۆ گەڕاندنەوەی هەموو بستێکی خاکی سووریا، بە واتایەکی دیکە بەدیهێنانی سەرکەوتنێکی تەواوی سەربازییە لە سووریا.

رێککەوتننامەی کەمکردنەوەی گرژیی کە لەنێوان مۆسکۆو واشنتۆن و عەممان لە حەوتی تەممووزدا واژۆکرا- نەك هەوڵەکانی ئەمریکاو رووسیا بۆ چارەسەری کێشەکە- رێگەی خۆشکرد لەبەردەم ئەسەدو ئێران- نەك لەبەردەم ئۆپۆزسیۆنی میانڕەودا- بۆ سەرکردایەتیکردنی شەڕ دژی داعش.

راستە کە پاشەکشەی پشتیوانیی سەربازیی ئەمریکا بۆ شۆڕشگێڕان لە ئەنجامی ئەو رێککەوتننامەیە، بووە هۆی کەمکردنەوەی خوێنڕشتن و گەیاندنی باشتری کۆمەکە مرۆییەکان بۆ ئەو ناوچەیە، بەڵام رژێمی ئەسەدی لە هەڕەشەیەکی چاوەڕوانکراو رزگارکرد. باشووری سووریا رێگای ئاساییە بۆ پەلاماردانی دیمەشق، خاڵی لاوازی ئەسەدە بەتایبەتیش کە تاوانی ئەشکەنجەدانی هەرزەکاران لەوەتەی شەش ساڵ بووە هۆی سەرهەڵدانی چەخماخەی شەڕی ناوخۆی سووریا، لەبەرامبەردا رێگە بە هێزەکانی ئەسەد درا کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانیی دەکرێن کە لە رووبەرێکی فراوانی خاکی سووریا بڵاوببنەوە، ئەو رووبەرەی کە تاران بەنیازە بیکاتە پردی وشکانی بەمەبەستی فراوانکردنی پردی ئاسمانیی لە ئێرانەوە بۆ فڕۆکەخانەی دیمەشق.

بەیاننامەی یازدەی تشرینی دووەم دانی بە مەترسییەکانی فراوانخوازیی ئێراندا ناوە، کاتێ پێشوازی لە یاداشتنامەیەکی پرەنسیپەکان کرد کە رووسیاو ئەمریکاو ئەردەن سێ رۆژ پێش رێکەوتننامەکە واژۆیان کردبوو، تایبەت بە کەمکردنەوەی ژمارەی هێزو چەکدارانی بیانی تا ئەو کاتەی بەیەکجاری باشووری ئەو وڵاتە جێدەهێڵن، بەڵام ئەو هەوڵانەی لەوەتەی هاوینی ٢٠١٧ لەئارادایە بۆ وەدەرنانی ئەو گرووپانەی ئێران پشتگیرییان دەکات لە سنووری جۆلان- لە رێگەی جێبەجێکردنی پەلامارێکی گەورە بۆ سەر هێزەکانی ئیسرائیل لە میانی شەڕدا- بەداخەوە تەنیا نزیکەی شەش میلی گەڕاندەوە دواوە. ئەمەش ئەو بازنە ئەمنییە نییە کە پێویستە بۆ هێورکردنەوەی مەترسییەکانی ئیسرائیل بە کردنەوەی بەرەیەکی دیکە لە پارێزگای قنێترە لەشێوەی بەرەی باشووری لوبنان، هەروەها بە دوور دەزانرێت کە پرەنسیپی- کەمکردنەوە تا



بەجێهێشتنی کۆتایی- جێبەجێ بکرێت، لەبەر ئەو پشتیوانییەی کە ئەسەد لە بوونی رووسیاو ئێران دەیکات لە سووریا، لەکاتێکدا کە هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هیچ داوایەکی هاوشێوەیان لێ نەکراوە، کە دواتر ئەو دەسەڵاتە پێویستەی نییە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانیان، ئەمەش کەموکورتییەکە دەبێ چارەسەربکرێت. لەبەر ئەو لاوازییەی کە لە ئەنجامی شەڕدا رووبەڕووی سوپای سووریا بووەوە، دەبینین کە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا مانای وایە ئێران بەگوروتینێکی زۆرەوە لە داهاتوویەکی چاوەڕوانکراودا بوونی دەبێت، دیارترینیان لەم رووەوە ئەوەیە کە بەیاننامەکەی ئەم دواییە وەسفی بڕیاری ژمارە ٢٢٥٤ی ئەنجومەنی ئاسایش دەکات کە رێگەیەکە بۆ ئاشتی. بەڵام ئەم بڕیارە چەندین رێگە لەبەردەم ئەسەددا دەکاتەوە تا لە حوکمدا بمێنێتەوە، هەر ئەمەشە کە نابێ ئەمریکا قبووڵی بکات.

ئەمەو هەڵوێستی فەرمیی ئەمریکا لەو بەیاننامەیەی جنێڤدا بەرجەستە بووە کە لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٢ وتووێژی لەسەر کرا، بەڵام ئەو بەڵگەنامەیە بەتەواوی بوار لەبەردەم ئەسەددا واڵا دەکات کە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، چونکە لە بەشی دووەمیدا هاتووە(هەموو هەنگاوێکی سەرەکی بۆ هەر یەکلاییکردنەوەیەکی قەیران بریتییە لە پێکهێنانی دەستەیەکی گواستنەوەی حوکمڕانی کە هەموو دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن پیادەبکات و زەمینەیەکی بێلایەن بڕەخسێنێت کە ئاسانکاریی بۆ پرۆسەی گواستنەوە دابین بکات و دەکرێ چەند ئەندامێکی حکومەتی ئێستاو ئۆپۆزسیۆن و گرووپی دیکە لەخۆبگرێت و پێویستە ئەمەش لەسەر بنەمای رێکەوتنی بەرامبەر پێکبهێنرێت). ئەم تەمومژاوییەش رووسیای هانداوە کە ئەسەد بەشداری پێبکات لە دەستەی حوکمڕانی گواستنەوەدا لەگەڵ پابەندبوونی بە بەیاننامەکە، هاوکات ئەمریکاشی وا لێکرد کە بەرەورووی ئەمە ببێتەوە، لێرەوە دەبینین کە ئامانج لە هەوڵەکانی رووسیا بۆ رێکخستنی پرۆسەگەلی هاوتەریب لە (ئەستانەو سوچی) فێڵکردنە لە جنێف بەقەد ئەوەی کە قۆستنەوەی ئەو بۆشاییەیە، بەڵام بڕیاری ٢٢٥٤ی ئەنجومەنی ئاسایش بەیاننامەکەی جنێڤیش دەگرێتەوە، هەروەها ئەو هەنگاوانەی پێشتر پلانی ئێران بوونە لە میانی چوار خاڵدا: راگرتنی بەپەلەی شەڕ، پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی، ئەنجامدانی گۆڕانکاریی دەستووری، ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەژێر چاودێریدا.

● **هەڵبژاردنەکانی سووریاو رۆڵی ئەمریکا**

بەیاننامەی یازدەی تشرینی دووەم بەدەق دەڵێت( هەڵبژاردی ئازادو دادپەروەرانە بە چاودێریی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت کە ئەوپەڕی نۆرمی شەفافی نێودەوڵەتی لەخۆبگرێت و هەموو سوورییەکانیش تێیدا بەشداربن لەوانەش رەوەندی سووری) بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەو

■

**لەبەر ئەو لاوازییەی کە لە ئەنجامی شەڕدا رووبەڕووی سوپای سووریا بووەوە، دەبینین کە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا مانای وایە ئێران بە گورو‌تینێکی زۆرەوە لە داهاتوویەکی چاوەڕوانکراودا بوونی دەبێت، دیارترینیان لەم رووەوە ئەوەیە کە بەیاننامەکەی ئەم دواییە وەسفی بڕیاری ژمارە ٢٢٥٤ی ئەنجومەنی ئاسایش دەکات کە رێگەیەکە بۆ ئاشتی**

■

**پێویستە واشنتۆن فشار بخاتەسەر مۆسکۆ تاکو هاوپەیمانەکەی کە سووریایە هانبدات پشت بە یاسای هەڵبژاردنی ئازاد ببەستێت تاکو هاووڵاتیانی سووریا لە هەندەران بەشداری لە دەنگداندا بکەن، لەکاتێکدا کە گەشتێکی تازەی وتووێژەکانی جنێڤ لە ٢٨ی ئەم مانگە دەست پێدەکات دوابەدوای دیداری ئۆپۆزسیۆن لە ریاز، پێویستە ئەمریکا روونی بکاتەوە کە پشتگیریی ناکات لە هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن کە ئەسەد بەشداری تێدا بکات**



یاسایەی چاودێریی هەڵبژاردنەکانی سووریا دەکات لەئێستادا ڕێگە بە دەنگدان نادات تەنیا بۆ ئەو هاووڵاتیانە کە ڤیزای دەرچوونیان هەیە، یان ئەو خەڵکە کەمەی لە ترسی مردن رایانکردۆتەوە دەرەوەی سنووری سووریا.

بەهەمان شێوە پێویستە واشنتۆن فشار بخاتەسەر مۆسکۆ تاکو هاوپەیمانەکەی کە سوریایە هانبدات پشت بە یاسای هەڵبژاردنی ئازاد ببەستێت تاکو هاووڵاتیانی سووریا لە هەندەران بەشداری لە دەنگداندا بکەن، لەکاتێکدا کە گەشتێکی تازەی وتووێژەکانی جنێڤ لە ٢٨ی ئەم مانگە دەست پێدەکات دوابەدوای دیداری ئۆپۆزسیۆن لە ریاز، پێویستە ئەمریکا روونی بکاتەوە کە پشتگیریی ناکات لە هەر پرۆسەیەکی هەڵبژاردن کە ئەسەد بەشداری تێدا بکات، چونکە ئەو پشتگیرییە بە تەواوەتی شەرعییەتی پێدەدات، ئەگەر نا سەرکەوتنی ئەسەد مسۆگەردەبێت و ئێرانیش بە توندی پارێزگاری لە پێگەی خۆی لەو وڵاتەدا دەکات، ئەم فاکتەرانەش ئەگەرەکانی رووداني پێکدادانی ئێران - ئیسرائیل لە ئاییندەدا زیاتردەکەن، هاوکات دەبنە لەمپەر لەبەردەم سەقامگیریی نیشتمانی و بە پلەی یەکەمیش بەهێزکردنی ئەو هەلومەرجانەی بوونەتە هۆی گەشەکردنی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی.

# ململانێیا لسەر نەفت و گازێ
# بەرەڤ کیفە؟

رامیاری و ئاسایشا ئابوری وهێمنی وسەقامگیری بو دانانا پروژێ بوریا نەفت گازا ئیسلامی بو ئەگەرا دژوار بوون وبەرفرەبونا ململانێ دناڤبەرا وەڵاتێن بەرژەوەندیا وان د ئاڤاکردنا فی پروژەی ئیران، قەتەر، و وەڵاتێن دژی پروژەی (تورکیا، سعودیە، ئیسرائیل) .

پروژێ بوریا نەفت گازا ئیسلامی دکەفتە دناڤ کەمەرا ( هیلالا ئیرانیدا)، ئەوا ناڤەراستا روژئاڤا توخیبێ ئیرانی ب توخیبێ دەریا سپیدا گرێدەت). ب درێژاهیا پتر ژ ١٠٠ کیلو مەترا و پانیا( نێزیکی ٢٠٠کم ) ددەتە بەرخە، ناڤەراست وهەرێما کوردستانا باشور وکوردستانا روژئاڤا وناڤەراستا سوریا وباکورا لبنان دەتە بەرخو). ئەڤ دەڤەرە هەمی کەتیەت کادوانێن نە سروستی ونەسەقاگیرێ دا، ل ڤێرە ووێری شەر و لێکدان ومشەختبوونی تیدا رویدایە .

ئەڤا ئەم دبینین ل کوردستانا باشورا وکوردستانا روژئاڤا ولوبنان وسوریا ئەنجامێن ڤێ ململانێیا( دەمەکی یە). لێ ئەڤ رەوشە هەمی کاودانی، دەڤەرا شویلی کرینە وگەڤ لسەر بەرژەوەندیین ئابوری وژێدەریی، زاخێ (نەفت وگازێ) پەیداکرینە، لەوانێ دبینین زوربەیا وەڵاتێن زلهێز و پیشەساری هاتینە ودێ هێنە سەر (خەتێ) ڤێ رەوشا نەسەقامگیر قەبیل ناکەن!، هەول ددەن ب رێکێن (ئاشتی ودانوستاندن وحوارێ) وزڤرینا هەر هێزەکی بو جهێت خووێیت رەسەنی وتوخیبی، بو مەبەستا زڤرینا ئاستێ هێمنێی وسەقامگیرێی ل دەڤەرا روژهەڵات، وتایبەت ل (ئێراقێ وکوردستانا باشور وسوریا ولبنان ).

ئەڤ پروژێ وەکودیار دبیتە رکەبەرێ (پروژێ بوریا نەفت وگازێ) ل ناڤ دەریا سپیا ناڤەراستێدا) ئەو بوریا نەفت وگازێ سەرپەرشتیا وێ (ئیسرائیل و قوبرس و لوبنان، میسر) دکەن، بەرابەری نەرازیبونا (تورکیا، فەلەستین، سوریا)

ئێکەتیا ئەوروپا هەول ددەت ژێدەر وبورێیت زاخێ زور ببن ل وەڵاتێن نەفت وگاز لێ هەین بو بەرف ئەوروپا بو مەبەستا دابین کرنا ژێدەرێن نەفت وگازی بو بازارێ نەفتا وگازێ و کونترولکردنا بەهایێ نەفت وگازێ لدویف بەژەوەندی و پێویستی وئاستێ پروسا پێشکەفتنا ئابوری. ڤێ چەندێ پێویستیاب پاراستنا هێمنی وسەقامگیریێ هەی ل دەڤەرا روژهەڵاتا ناڤین، چونکە ژێدەرێ سەرەکیێ نەفت وگازێ یە لەوما ئێکەتیا ئەوروپا و زوربەیا وەڵاتێن نەفت وگازێ دکرن پشتەڤانیا پاراستنا هێمنی وتەناهییا دەڤەرێ دکەت، تایبەت ئەڤ دەڤەرا زەنگین ب نەفت وگازێ یا سەقامگیر نینە، و گورەپانیا ململانێ دکەن (السەر ئاستی نافخویا

**فاکتەرێ نەفتا کوردستانێ نووکە بوویە پشکەک ژ بەرژەوەندیا وەڵاتێن پێویستی ب نەفت وگازێ هەین ولپاشەروژێ پتر پێویستی دێ پێ هەبیت! لەوانێ کوردستان ناهێتە پاش گوە ئێخستن وەکو بەرێ دناف ئەجندایێن وەلاتین پیشەسازی ( ئێکەتیا ئەوورپی وهەر پێنج وەڵاتێن ئەندامێن سەرەکێن رێکخراوا ناف دەولەتیدا**



## د.بێوار خنسی

**شیرەتکارێ ئاسایشا ئابوری یا پاراستنا هەرێما کوردستانێ**

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

وەلاتێن روژهەڵاتا ناڤین ودناڤ بەرا یەکتر دا لسەر نەفت و گازێ ). ژبەر ڤی چەندێ،شەر و دژاتی وهەڤرکی بەردەوام یا هەی و زور ب ساناهی سەرهەڵدەت ل دناڤ ڤان وەلاتاندا وجاران د ناڤبەرا واندا ئالوزی وشەر هەلدەن.

هەر وەلاتەك و هێزەك هەول ددەت (هەمی فاکتەرێن نەسەقامگیرێ ) ێیت دەڤەرێ دا بێخە کار لدویف بەرژەوەندیێن خوو ێن ئابوریی )، لەوانێ دبینی دوهی وەلاتەکی پشتەڤانیا هێزەکێ دکر بو پاراستنا بەرژەوەندیێن خوو!لێ ئەڤرو یان سوبەی دبیت دژی وێ هێزێ راوەستێت.دەڤەرا روژهەلاتا ناڤین یا پرە ژ ڤان نمونێن ل دوهی و ئەڤرو وسوباهی ژی دێ هێنە رویدان.

لبەر ڤێ چەندی قویناغ بو قویناغ دێ بینین کو کاودانێن دەرڤەی تێنە پێش ودبیتە هویا پێشکەفتنا دوزا گەلێ کوردستانێ (تایبەت ئەگەر کاودانێن ناڤخو ل ئاستەکێ باشدا بن کو بشیێن قازانجا لدەرفەتێن تێنە پێش وەربگرین)

ئەم ب کوردی ژی دبێژین ( لێ هاتن چێترە ژێ هاتنی ).ولێرە دیار دبیت کو( کاودانێن دەرڤەی زور پتری کاودانێن، نافخوی بوینە ئەگەرا پێشکەفتن ویان پاشکەفتنا دوزا کوردی ) لڤان ١٠٠ ساڵێن بوریدا، نەخاسمە دەمێ فاکتەرێ ئابورێی کوردستانی (نەفت وگاز) دکەفتیە کاری. ئەڤ فاکتەرێ نەفتا کوردستانێ نووکە بوویە پشکەك ژ بەرژەوەندیا وەلاتێن پێویستی ب نەفت وگازێ هەین ولپاشەروژێ پتر پێویستی دێ پێ هەبیت! لەوانێ کوردستان ناهێتە پاش گوە ئێخستن وەکو بەرێ دناف ئەجندایێن وەلاتێن پیشەسازی ( ئێکەتیا ئەووروپی وهەر پێنج وەلاتێن ئەندامێن سەرەکیێن رێکخراوا ناف دەولەتیدا (ئەمریکان بریتانیا، فەرەنسا، روسیا و سینێ ).

حکومەتا هەرێما کوردستانێ هەولێن جدی دان بو کارهێنانا فاکتەرێ ئابوری (نەفت) وەکو ژێدەرەکێ سەرەکی بودیارکرنا رولێ هەرێما کوردستانێ بو چارەسەرکردنا کێشێن ئابوری (ژێدەرێ زاخێ ) ل جیهانی، ب وێ چەندی حکومەتا کوردستانێ شیایە تا نووکە کاودان و رەوشا ئابوری بکەتە پالدەرك بو سەقامگیریا هەرێما کوردستانی وخورتکردنا پەیوەندیا لگەل وەلات پێش کەفتی، ئەگەر ئەڤە نەبادا (رەوشا کوردستانێ د کاودانەکی زور خراپتر دابیت د ڤێ قویناغی!!!) وئەنجامێن ململانێ وگوهرینێن بسەر وەلاتێن دەڤەرا روژ هەلات هاتینە و تێنە پێش. تایبەت پشتی رولێ نەفتێ دیار بووی کو،وەلاتەکێ وەکو تورکیا زور پێویستیا ب نەفت وگازێ هەی، نەخاسمە ئەڤرو هەرێما کوردستانێ

**ئێکەتیا ئەوروپا هەول ددەت ژێدەر وبوریت زاخێ زور ببن ل وەلاتێن نەفت وگاز لێ هەین بو بەرف ئەوروپا بو مەبەستا دابین کرنا ژێدەرێن نەفت وگازی بو بازارێ نەفتا وگازێ و کونترولکردنا بەهایێ نەفت وگازێ لدویف بەژەوەندی و پێویستی وئاستێ پروسا پێشکەفتنا ئابوری**



**پروژێ بوریا نەفت گازا ئیسلامی دکەفتە دناڤ کەمەرا ( هیلالا ئیرانیدا)، ئەوا ناڤەراستنا روژئاڤا توخیبێ ئیرانی ب توخیبێ دەریا سپیدا گرێدەت). ب درێژاهیا پتر ژ ١٠٠ کیلو مەترا و پانیا( نێزیکی ٢٠٠کم ) دەتە بەرخە، ناڤەراست وهەرێما کوردستانا باشور وکوردستانا روژئاڤا وناڤەراستا سوریا وباکورا لبنان دەتە بەرخو)**

دشێت تورکیا قورتال کەت ل کێشا زاخی. تورکیا روژانە پێویستیا ب ٧٠٠ هزار بەرمیلێت نەفتێ هەی وبەرهەمێ تورکیا٤٠ هزار بەرمیلێت نەفتێنە، هەروەسا نووکە تورکیا سالانە پێویستیا ب ٥٠ ملیار م٣ کازێ هەی، کو ل پێنج وەڵاتان دکریت (روسیا، ئازربیجان، ئیران،جەزائیر وقەتەر)،کوردستان دێ شێت رێژەیەکا زور ا گازێ بو تورکیا دابین بکەت! ئەگەر کوردستان یا هێمن وسەقامگیر بیت.! لەوانێ ترکیا هوپ سەناهی نەشێت هەرێمەکا هویا زەنگین ژ دەستێ خوو بکەت .

نە وەڵاتێن هەڤپەیمان، ونەحکومەتا هەرێما کوردستانێ نەشیاینە( ئەڤ ململانە و هەڤرکیا و نەسەقامگیرا لئاستی ئێراق وتورکیا وسوریا ل ڤان ٣ سالێن بوریدا ) بەرەڤ ئاستەکێ سەقامگیر ببەین!کو ببیتە هویا پتر پێشکەفتنا ڤان وەڵاتان و هەرێما کوردستانێ.چونکە ب راستی ئەڤ رویدانیێن ڤان٣ساڵێن بوریدا ژ هێز وئیمکانیاتێن مەدا نینە،و کاودان رەوشا هەرێما کوردستانێ وەکو وان وەڵاتان ژی نینە!ئەگەر زور ڤەکێشیت (دێ پتری هەمیان زیانێ دەین)، ژبیر نەکەین کودبێژن (تا ستویر زراڤ دبیت!دێ زراڤە بزدیێت)! .

لبەر ڤێ چەندێ (دڤێت ئەم لگەل پاراستنا رەوشا هێمنی وسەقامگیرێ بین،دویری هەرەشە و ئالوزکرنا کاودانێن دەڤەرێ و هەرێما کوردستانێ بەرەڤ خراپی ببەت)، دێ هوسا پتر پشتەڤانیێ لسەر ئاستێ نافخو وهەریمێ وجیهانی ژی وەرکرین، هووسا ئەم چوجارا دڤێت خو بتنێ نەهێلین. یان کو چو پێنگاڤێن ب تنێ نەهاڤێژین، نەخاسمە ئەگەر د بەرژەوەندیا هێزێن هەڤپەیمان دا نەبیت!).

ئەڤ رویدانێن دەمی بویە ودبیت زیان پاشکەفتنێ بێختەت پروسا ژین وژیان وئارمانجێن گەلێ کوردستانێ، رویدانا ١٦. ئوکتوبرێ ل (کەرکوك) (وەکو نمونە، لێ دەرفەت یا هەی کو رەوش بزڤریتەڤە، چونکە نە بەرژەوەندێین وەڵاتێن زلهێز ونە سەقامگیری د زڤریتەڤە؟ ژ بلی وێ چەندێ بەرژەوەندێین ئابوری و رامیاری هەڤپەیمانا دکەڤنە ژێر ترسێ وهەرەشێدا . هەروەسا دڤێت حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئاگاهداریا (بەغدا و وەڵاتێن هەڤپەیمان) بکەت، کو (کوردستانی زور توورەبوینە لکارێ حکومەتا ئیتیحادی ل ئیراقێ، کو(هێزێن لەشکەرێین بیانی ) ل دەرڤەی ئێراقا فیدرال کارهینان دژی کوردستانێ، ئەڤە ژی نەبتنێ پێشێلکرنا دەستورێ ئێراقا فیدرالە! بەلکو گونەهباریەکامەزن دژی کوردستانیا کری!.وێران کرنا



باشیرێ( توز خورماتو) بنافی زڤرینا دەستوری بو سەر دەڤەرێن مادێ ١٤٠) بویە قولکردنا (بێ باوەرییێ دناڤبەرا) هەڤلێر وبەغدا !، لەوانێ حکومەتا هەفلێرێ (تأکید) لسەر (حوار و دانوستاندنێ لسەر بنەمایێ دستورێ ئێراقێ (وپشکداریا نافدەولەتی) دناڤبەرا بەغداد و هەڤلێرێ) بو چارەسەرکرنا هەمی کێشا وئالوزێین دناڤبەرا هەڤلێر وبەغدا (دویر ل گەف و هەرەشا وشەری)..

ئەڤ رویدانێن پشتی پروسێسا ریفراندومێ هاتینە پێش، باشترین دەرفەتە کو ئەم وەکو حکومەتا هەرێما کوردستانێ وهێزێن سیاسی، لخو بزڤرین،(ئێکگرتناناف مالا کوردستانێ) بکەینە چەترەکا کوردستانێ) خوو ئامادەکەین بو قویناغا نووکە وپاشە روژێ) داکو ب کێمترین ژیان ل ڤێ قویناغێ دەرباسبین؟ هەر خەمساریەکا بکەین لسەر ئاستێ ناڤخووی و هەریمێ وجیهانێ، دێ پتر زیانێ دەین وکێشا هەرێما کوردستانێ دێ بەرف خراپتر ڤەچیت! دێ وەلێ هیێن کودبێژن (دێ ژ عەیدا رویباری ژی بین! ودێ ژ عەیدا کەلێ ژی بین).

ئەزێ گەشبینم،کو دەرفەت ورەوشا هەرێما کوردستانێ وجیهانێ ل ئاستەکێ بەرژەوەندیا ئابوری هەمییاندا هەی، لەوانێ چو هێز نەشێن بساناهێ (رول وبەهایێ هەرێما کوردستانێ ل پشت گوهێ خورا پاڤێت) ئەفە ژی باشترین فاکتەرە کو مە ژ تەنگاڤیان قورتال کەت، و پتر شان وهێز وباوەرییێ دناف کوردستانیاندا وحکومەت وسەرکردایەتێیدا پەیدابکەت، بشێوازەکێ هەڤچەرخ بکونجێت لگەل رەوشا ئەڤرو وسوباهی وقازانجێ ل بنەما دیروکیا دوهی ژی وەرگریت!داکو قوربانی وخووینا هاتیە دان ب فیرو نەچیت !.

دڤێن ئەم هەولێن جددی بو قازانج لێکرنا ل بزاڤ وکوهرینێن تێن وبێنە کرن ل ئیراقێ و دەڤەرێ، ودفێت ئەم دوو دویر بێخین ل بوچونێن حزبی وپاژێرکی لسەر ئاستێ هەرێم وئیراق و دەڤەرێ و بەرژەوەندیا گەلێ کوردستانێ لسەر هەمی بەرژەوەندیا دابیت ل پەیوەندیێن هەرێما کوردستانێ لگەل وەلاتێن رەخ و رویێن هەرێما کوردستانێ. هەر وەسا زورا فەرە کو ل ئەڤرو وسوبەهی،پەیوەندیێن هەرێما کوردستانێ لگەل وەلاتێن دەرڤە، نەخاسمە لگەل وەلاتێن توخیب هەین لگەل ئێراقا فیدرال بگونجن لگەل ما فێن دەستوریێن هەرێما کوردستانێ!داکو حکومەتا ئیتیحادی ل ئیراقا فیدرال بخو نەکتە بەهانە(وەکو نوکە) دژی حکومەتا هەرێما کوردستانێ.

**زورا فەرە کو ل ئەڤرو وسوبەهی، پەیوەندیێن هەرێما کوردستانێ لگەل وەلاتێن دەرڤە، نەخاسمە لگەل وەلاتێن توخیب هەین لگەل ئێراقا فیدرال بگونجن لگەل مافێن دەستوریێن هەرێما کوردستانێ! داکو حکومەتا ئیتیحادی ل ئیراقا فیدرال بخو نەکتە بەهانە(وەکو نوکە) دژی حکومەتا هەرێما کوردستانێ.**

# توندوتیژی بەرهەمی عەقڵییەتی پیاوسالارییە

کاتیك کە ئیمە ئەمڕۆ بەرەو یادێکی مەزنی وەك ٢٥ی نۆڤەمبەر دەچین، دەبێت ئەوە بزانین کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە هەموو کات زیاتر هەست بە نامۆبوون و زیادبوونی توندوتیژییەکان دەکات، چونکە ناکۆکیی سیاسی و ململانێیەکان لە جیهاندا وایانکردووە کە بەشێوەیەکی بەرچاو رێژەی بەکارهێنانی توندوتیژی بەرەو بەرزبوونەوە بچێت.

شایەنی باسە بە درێژایی مێژووی گەلی کورد، ئافرەتان پێگەیەکی دیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و ئایینییان لە سەر جەم چاخەکاندا داگیر کردووە و رۆڵێکی کارایان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ژیاندا هەبووە، بەڵام ئەمڕۆ کە تەماشا دەکەین، دەبینین مێژووی ئافرەتانیش بەشیك بووە لە مێژووی گەلی کورد، ئەوانیش لەسەردەستی داگیرکەران رووبەڕووی ئازار و نەهامەتی بوونەتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە توندوتیژی یەکێکە لەو خەسڵەتانەی کە دەکرێت تاکی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی پێ بناسرێتەوە، هەرچەندە بەشیکی زۆر لە شارەزایانی کۆمەڵایەتی پێیانوایە کە توندوتیژی لە دژی ئافرەتان دیاردەیەکی بەربڵاوی کۆمەڵگەی جیهانییە و بە شێوەیەکی بەربڵاو بەتایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بە بیانووی نەپاراستنی بەهاکانی نێو بنەماڵە، بە توندترین شێوە ئازار دەدرێن، تەنانەت دەکوژرێن، ئافرەتی کوردیش بە هۆی نەریتی پیاوسالاری و سیستمی سیاسی ئابووری بارودۆخێکی باشی نییە، ئەوەی کە تێبینی کراوە لە ساڵانی رابردوودا بە هەوڵی حکومەتی هەریمی کوردستان و بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی توانرابوو تا رادەیەك کاری زۆر گرنگ لەسەر کەمکردنەوەی جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان بکرێت، هەروەها لە ساڵانی ٢٠٠٤ بەدواوە چەندین پرۆگرامی گرنگ لە هەرێمی کوردستان تایبەت بە پرسی ئافرەتان خرانە بواری کارەوە و توانرا تا رادەیەکی باش کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەسەر پرسی ئافرەت بکرێت، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند هۆکارێك بوونە هۆی زیاتربوونی بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ئافرەتان. هەروەها ئەوەمان لەیاد نەچێت زیادبوونی گرفتەکان ئەوەندەی کێشە بۆ ئافرەت دروست دەکات، وادەکات بە شێوەیەکی گشتی توندوتیژی رووی لە زیادبوون بێت.

رەنگە جەنگی تیرۆریستانی داعش یەکیك بووبێت لەو هۆکارانەی کە زۆرترین رێژەی ئافرەت توندوتیژییان بەرامبەر کراوە، وەك بینیمان بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن ئەو گرووپە تیرۆریستەوە سووکایەتی بە ئافرەت دەکرا، هەر لەدەستدرێژیی سێکسی، تادەگاتە کڕین و فرۆشتن و مامەڵەکردن بە مرۆڤەکانەوە.

هەروەها بەپێی ئەو راپۆرت و ئامارانەی کە لەلایەن رێکخراوەکانی چاودێریی مافی مرۆڤ بڵاودەکرێنەوە، هێرشی حەشدی شەعبی و گرووپە هاوبەشەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان یەکێکی ترە لە زیادبوونی بەکارهێنانی توندوتیژی دژی ئافرەتان، چونکە حەشدی شەعبی و گرووپە ئێرانییەکان گەورەترین



## مەیادە محەمەد نەجار

### سەرۆكی ڕێكخراوی ئاریانا بۆ پێگەیاندنی ئافرەتان

بۆ گوڵان نووسیویەتی

تاوانیان بەرامبەر بە ئافرەت ئەنجام دا، هەر لە سووكایەتی كردنەوە تا دەگاتە دەستدرێژیی سێكسی لە خورماتوو، كە بە هۆیەوە ئافرەتان تووشی نەخۆشی دەروونی هاتوون و ئافرەتیش هەبووە پەنای بۆ خۆكوشتن بردووە و كۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە، ئەمە بێجگە لەوەی لە هەموو بابەتێكی لەم شێوەیەدا ئافرەتان قوربانی یەكەمن و ئەوان دەبنە سووتەمەنیی ئەو ڕەوشە نالەبارەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، واتا لەم هەلومەرجەی ئێستا كۆمەڵگەی كوردەواری چەندە وەك تاكی كورد ڕووبەڕووی دژایەتی بۆتەوە لەلایەن گرووپە توندڕەوەكان، جا گرووپی شیعەی توندڕەوی وەك حەشدی شەعبی بێت، یان گرووپی ئیسلامی و سوننەی توندڕەوی وەك داعش، ئەوا لەهەردوو بارەكەدا ئافرەتان بوونەتە قوربانی و زۆرترین توندوتیژییان بەرامبەر كراوە.

ئەگەر بێینە سەر باسی ئەو توندوتیژییانەی كە بەرامبەر بە ئافرەت لەكایە جیاوازەكانی كۆمەڵگەدا دەكرێت، بێگومان كۆمەڵگەی كوردەواری وەك زۆربەی كۆمەڵگەكانی تری ڕۆژهەڵات كۆمەڵگەیەكی پیاوسالارییە و ڕێگە بە ئافرەت نادات مافی خۆی پیادەبكات، چونكە خۆی لەخۆیدا كە وتمان «پیاوسالاری»، ئەوا بە هەموو شێوەیەك سووكایەتی بە ئافرەت دەكرێت، ئەگەر ئیمە بێینە سەر ڕەوشی ئافرەت هەر لە بازاڕی كار وەری بگرین و تەماشای ڕێژەی بەشداریی ئافرەت لە بازاڕی كاردا بكەین، هەست بەوە دەكەین كە بەشداریی ئافرەت لە بازاڕی كار و كەمیی ڕێژەی بوونیان لەو سێكتەرەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە كۆمەڵگە بە ئاشكرا دژایەتی بوونی ئافرەتی بەتوانا دەكات، ئەمەش ڕێگەیەكی تەواوە بۆ ئەوەی كە نەهێڵن ئافرەت بەشداری لە بازاڕی كار بكات، ئەگەر باسی بەشداریی ژن لە سیاسەتیشدا بكەین، هەمان تێگەیشتنی كۆمەڵگە دووبارە دەبێتەوە، چونكە پیاوان بەگشتی پێیانوایە كە ئاستی ئافرەتان لە توانای ئەوان كەمترە، بۆیە بەشێكی پیاوان كە خاوەنی عەقڵییەتێكی پیاوسالارانەن ناهێڵن ئافرەتان بێنە پێشەوە.

ئەوەی گرنگەو من دەمەوێت زیاتر ڕوونی بكەمەوە، ئەوە كۆمەڵگەیە كە ئازاری ئافرەت دەدات، واتا ناتوانین توندوتیژی لەناو دامەزراوەیەك، یان پرسێكی دیاریكراودا كورت بكەینەوە، چونكە توندوتیژیی كۆمەڵگە پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاریی كۆمەڵگەوە، توندوتیژی لە زۆرێك لە كۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتی و سوننەتییەكاندا باوە، نزمیی ئاستی هۆشیاریی تاكەكان لە كۆمەڵگەو ئەو دابونەریتە و سیستمە كۆنەی كە بە درێژایی مێژوو گەلان تووشی بوون، وایكردووە توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەر كۆمەڵگەیەكدا بەدی دەكرێت، واتا كۆمەڵگە دژی ئافرەتی بەتوانایە، جا ئەو ئافرەتە لەو ساتەی كە لەماڵ دێتە دەرەوە، كۆمەڵگە دژایەتی دەكات تا ئەو ئاستەی كە ئەو ئافرەتە دەگاتە شوێنی كارەكەی، بۆ نموونە ئافرەت لەناو ئەو گەڕەكەی لێی دەژی، دژایەتی دەكرێ، تا دوامەنزلگەی كاركردنی.